کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٤-نیوەی دووەهەمی خەرمان ١٤٠٢-سێپتامبر ٢٠٢٣

## ڕاگەیاندن

## بە بۆنەی چلەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران




## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران (ڕاهی کارگەر)

ل٩




## " بەم شێوەیە دنیایەکی کە بیری لێدەکەمەوە"

ل٤




## چەند ڕووداوی مێژوویی لە مانگی خەرمانانادا



## مەزهەب ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە دەرونەوە

ل٥



## کوردستان، دواکەوتوویی ئابووری، پێشکەوتوویی سیاسیی

ل٢

## سەروتار

### ئەمنییەتی شوێنی کار تەنیا بە خەباتی کرێکاران، بەسەر سەرمایەداراندا دەسەپێنرێت.

کاتژمێر حەوت و نیوی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی خەرمانان، یەکێک لە تونێلەکانی کانگای خەڵووزی تەزرەی دامغان، دارما و بە هۆی ئەو ڕووداوەوە ٦ کرێکار بە ناوەکانی بێهرووز ئەفرووز، قوربانعەلی کەماڵی، حوسێن غەزائیان، حەمید ئیزەدی، ئەبولفەزل غەنایی و محەممەد نەعیمی، لە قووڵایی ٤٠٠ مەتری ئەو کانەدا گیانیان لەدەستدا. لەم ساڵانەی دواییدا ئەمە سێیەم جارە کە ڕووداوێکی لەو شێوەیە لەم کانەدا بەهۆی ناستاندارد بوونی سیستەمی ئەمنییەتی، ڕوودەدات و بۆ چەندەمین جار کۆمەڵێک بنەماڵەی داغدار کردووە. ئەم کانگایە سەر بە شیرکەتی کانگای خەڵوزی ئەلبورزی ڕۆژهەڵاتە کە وەک یەکێک لە یەکەکانی سەربە شیرکەتی تواندنەوەی ئاسنی ئیسفەهان کاردەکات. کرێکارەکان چەندین جار بەرامبەر بە بارودۆخی نائەمنی کارکردن لەو ناوەندە نارەزایەتییان دەربریوە و بە فەرمی سکاڵای یاسایی خۆیان لە دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامی تۆمار کردووە، بەڵام دەزگای دادوەری و بەرپرسانی ئەو کانە هەرجارە و بە بیانووی ئەوەی کە گۆیا شیرکەتەکە نەک هەر داهاتی نەبووە بەڵکوو زیانیشی بووە، خۆیان لە دابینکردنی هەزینەی باشترکردنی دۆخی ئەمنییەتی دزیوەتەوە. ئەو کرێکارانەی کە لە ترسی لەسەرکار دەرکردنیان ئامادە نەبوون ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، بە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی مێهریان وتووە: " بەرپرسان بە چاوپۆشی کردن لە خەتای خاوەنکار، هۆکاری مەرگی ئەو ئازیزانە دەگەڕێننەوە بۆ کەمتەرخەمی کرێکاران، لەحاڵێکدا ئەو کرێکارانە بەبێ بوونی ئیمکاناتی ئەمنییەتیی و هێزی فریاگوزاری لێهاتوو و تەنانەت خاوەن ئەزموون، پزیشک و بەشی فریاکەوتنی گونجاو لەگەڵ شوێنی کار، جل و بەرگی کار، ماسکی ستاندارد و چەکمەی کار و هیتر، ناچارن کار بکەن. خاوەنکار و بەرپرسانی شیرکەت تەنیا بیر لە داهات و قازانجی کانەکەیان دەکەنەوە، نەک لەو کرێکارەی کە ناچارە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لە قووڵایی پتر لە ٤٠٠ مەتری زەویدا، خەڵووز دەربهێنێت. بەرپرسانی دادوەریش لەولاوە دادەنیشن و تەنیا سەیری لەدەستدانی گیانی کرێکارەکان دەکەن. بەدرێژایی چەندین ساڵ شاهیدی مەرگی دڵتەزێنی ژمارەیەک لە هاوکارەکانمان بووین و بەداخەوە هەر ئێستاش شاهیدی ئەم ڕووداوە تاڵەین و وادیارە ئەم بەرپرسانە ئەم مردنانە بە شتێکی سروشتی دەزانن.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## دریژە ی سە روتار:

**ئەمنییەتی شوێنی کار تەنیا بە خەباتی کرێکاران، بەسەر سەرمایەدارانداا دەسەپێنرێت.** بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە لایەن ناوەندە ئامارییەکانی ڕێژیمەوە بڵاوکراوەتەوە، ساڵانە بە بەشێوەیەکی گشتی دوو هەزار کرێکار لە ئەنجامی ڕووداوەکانی شوێنی کاردا گیان لەدەست دەدەن و چەند هێندەی ئەو ژمارەیەش بریندار دەبن و لەکار دەکەون. گرنگی ڕووداوەکانی کار لە ڕوانگەی زیانە کۆمەڵایەتییەکانەوە دوو هێندەیە. هەر کرێکارێک کە گیانی خۆی لەدەست دەدات، خێزانێک لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. لە بنەماڵەیەکدا ئەگەر کرێکارێکی نافەرمی گیان لەدەست بدات، ئەندامانی تری بنەماڵەکەی ناتوانن مووچەی خانەنشینی وەربگرن. واتە ناناوەرێک لەدەست دەچێت.

گەلێک جار ئیدارەی کار و دەزگای قەزایی ڕژیمی دژە کرێکاریی کۆماری ئیسلامی، خاوەنکارانی بەمەبەستی دەربازکردن لە دانی قەرەبوو یان بیمەی لەکارکەوتووی بە قوربانیانی شوێنی نائەمنی کار، لە کەمتەرخەمی و دابیننەکردنی ئەمنیەتی شوێنی کار بێبەری کردووە و بەپێچەوانەوە کرێکارە بریندارەکان تاوانبار کراون. خاوەنکارەکان بەهۆی قازانجپەرستی و چاوچنۆکی خۆیانەوە هیچکات نە حەز بە باشترکردنی ئەمنییەتی شوینی کار دەکەن و نە نیگەرانی لەدەستدانی کرێکاران لە ئەنجامی ڕووداوەکانی شوێنی نائەمنی کارن. ئەوان تەنانەت نیگەرانی ئەوەش نین کە کرێکارەکان لە ترسی گیانی خۆیان کارەکانیان بەجێبهێڵن. چونکە دەزانن هەرکاتێک بیانەوێت دەتوانن لە نێو ئەرتەشی ملیۆنی بێکاراندا کرێکاری دیکە دابمەزرێنن و هەر لەو شوێنی کارە ناستاندارد و مەترسیدارەدا، هەر کارێکی دژوار و تاقەت پرووکێن بەسەریاندا بسەپێنن. سەرمایەداران جگە لە کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە. ئەوان نایانەوێت هەزینەی دابینکردنی ئاسایش لە شوێنی کار بدەن. ئەگەر ترسی خەباتی کرێکاریی بەسەر سەریانەوە نەبێت، تەنانەت لەبیریان دەچێتەوە کە کرێکاریش مرۆڤە، نەک ئامرازێک بەدەستی ئەوانەوە بۆ بەدەستهێنانی قازانج. گیانلەدەستدانی کرێکار لە شوێنی کار و یان بریندار بوونی، چ بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئەمنییەتیی بێت یان بەهۆی ماندوێتی و سەعاتکاری زۆر و درێژماوە بێت، چ بەهۆی سەختی کارەکەوە بێت یان بەهۆی نەبوونی ڕاهێنانی خۆپارێزیی، کە پێویستە لە خولی جۆراوجۆردا بە کرێکاران بدرێت، هەمووی ئەمانە دەکەونە خانەی تاوانکارییەوە. بەهۆی هەر ڕووداوێکی کە سەرچاوەگرتوو لەم هۆکارانەوە بێت، پێویستە خاوەنکار بهێنرێتە سەر مێزی لێپرسینەوە و دادگاییکردن. بریندار بوونی کرێکار تا ئەو کاتەی لە دادگایەکی عادڵانە و بە حزووری لێژنەیەکی سوێندخواردووی پێکهاتوو لە خودی کرێکاران پێچەوانەکەی نەسەلمێندرابێت، خاوەنکار بە تاوانباری سەرەکی دادەنرێت. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا کە ڕەنگە ئەم هۆکارانەش کاریگەر نەبووبێتن، کرێکاری بریندار و بنەماڵەکەی لەهەرحاڵدا دەبێت بە تەواویی بیمە بیانگرێتەوە. تا ئەو کاتەی کە شەپۆلی شۆڕشی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرمایەداریی لەگۆڕ نەنابێت، کرێکاران خۆیان دەبێت لە فکری خۆیاندابن و بەپشت بەستن بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان خاوەنکار و دەوڵەت ناچار بکەن ئەمنییەتی شوێنی کارەکانیان بۆ دابین بکەن. پێویستە گیان لەدەستدانی کرێکاران لە شوێنی نائەمنی کار، وەک کوشتنی بە ئەنقەست هەژمار بکرێت. ڕووداوەکانی شوێنی کار، چ بە هۆی ماندوێتی کرێکارانەوە بێت یان لە ئەنجامی نەبوونی ستاندارەکانی سڵامەتی، دەبێت بخرێنە ئەستۆی خاوەنکارەکان. دابینکردنی ئەمنییەتی شوێنی کاریش وەک هەر داواکارییەکی تر تەنها بە زەبری خەبات و هاوپشتی چینایەتی کرێکاران، بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتە پشتیوانەکانیاندا دەسەپێندرێت.

***

# کوردستان، دواکەوتوویی ئابووریی، پێشکەوتوویی سیاسیی!

دەڵێن فەقر و مەحروومییەت ئافەتی وەشیارییە، "پاوێل کۆچینسکی"، کارتۆنیستێکی گەورەی پۆڵەندی دەڵێت: "ئینسان پێش هەموو شتێک بەدوای تێرکردنی خۆیدایە، خەمی نان ناهێڵێ چاو لە دونیا بکات، لە ژیانی خۆی ورد بێتەوە، کتێب بخوێنیتەوە، فێر بێ و زانستی خۆی بباتەسەرێ و دونیای دوروبەری خۆی جۆرێکی تر ببینێ". هەروەها دەڵێت" خەڵکی برسی کوا دەتوانێت زیاد لەوەی کە بە سەریدا داسەپاوە ئەولاتر بڕوانێت، بۆیە برسی ڕاگرتنی خەڵک زامنی مانەوەی چینی دەسەڵاتە." کەوابوو فەقر و مەحروومییەتێک کە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەسەر بەشی زۆری دانیشتووانی کۆمەڵگای ئێراندا سەپاندوویەتی دەبێ هەر ئەم مەبستە بپێکێت و وەک ئامرازێک بەکاری بێت بۆ ملکەچبوونی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن. بەڵام ئەگەر ئەم تێڕوانینە درووست بێت یەکەم پرسیار کە دێتە ذێهنەوە ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای پلانی کۆماری ئیسلامی بۆ برسی ڕاگرتنی خەڵک، خەبات و تێکۆشان دژی ئەم دەسەڵاتە بە تایبەت لە کوردستان هەر لە سەرەتای خۆ سەپاندنییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوام بووە و ئێستاش لە شۆڕشی ژینادا سەنگەری بەرامبەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گرتووە و درێژەی ئەم دەسەڵاتەی هێناوەتە ژێر پرسیارەوە؟

لە ڕاستیدا ئەم پارادۆکسە لە نادروستی تێڕوانینەکەی "کۆچینسکی"دا نییە و نابێ لە جیاتی ئەم تێزە، ئەوە جێبکەوێت کە خەڵک هەرچی برسی تر بێت، هەرچی مەحرووم تر بێ ئامادەترە بو دژایەتیکردن لەگەڵ هەلومەرجێک کە بەسەریدا داسەپاوە! ئەڵبەت ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە مێژوودا گەلێک جار لەگەڵ " شۆڕشی برسییەکان" ڕووبەڕوو بووین، بەڵام ئەم شۆڕشانە،کاتی و هەڵچونێکی بێ ئەنجام بوون و نەیانتوانیوە دۆخەکە بگۆڕن، کاتێک باسی شۆڕش دەکەین مەبەست شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە بۆ گۆڕینی ئەوەی وا هەیە بۆ ئەوەی وا دەبێ ببێ یان داوا دەکرێ، بە واتایەکی تر نوێ، جێگای کۆن بگرێتەوە. شۆڕشێک کە هەڵچوونێکی کاتی و بێ ئاسۆ نییە، ئامرازی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی خۆی لە درێژەی خەبات و تێکوشانیدا فەراهەم دەکات. شۆڕشێک کە ڕێکخراوە و ڕێبەریی هەیە و بەرچاوڕوونە، بەو مانایە کە دەزانێت چی ناوێ و چی دەبێ جێگای بگرێتەوە وچۆن مسۆگەری بکات. کەوابوو ئەو تێڕوانینە واتە فەقر و مەحروومییەت ئافەتی وەشیارییە، تێراونینێکی لە جێی خۆیەتی، لەوانەیە مەبەستی "کۆچینسکی"ش هەر ئەوە بووبێت کە فەقر و مەحروومییەت مەجال نادات یان بە وەتەی ئەو غەمی نان ناهێڵی بیر لە چۆنیەتی لادانی کۆن بۆ نوێ دراسە بکرێ، وەشیار و ڕێکخراو نییە و مەجالی ئەوە پەیدا ناکات. لە باشترین حاڵەتدا هەر شۆڕشێکی کوێری لێ دەکەوێتەوە کە دۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام با دیسانەوە پرسیارەکە ڕوونتر بکەین، بۆچی سەرەڕای پلانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە بەردەوامی سیاسەتی داسەپاندنی فەقر و مەحروومییەت بە تایبەت لە کوردستان، ئەم دۆخە نەیتوانیوە بەر بە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بۆ سەلماندنی مافەکانیان بگرێت، وەڵامەکە هەروەک باسمانکرد لە نادرووستی ئەو تێڕوانینەدا نییە، بەڵکوو ئەگەر دۆخی هەر کۆمەڵگایەک (مەبەستی ئێستامان کوردستانە) بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە هەڵسەنگێنین لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارە نزیک ببینەوە. بەڵام با پێشتر ئاماژە بەوە بکەین کە بۆچی زۆرتر باسی کوردستان دەکەین؟ لەڕاستیدا نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەوەی کە دەریدەخات فەقر و مەحروومییەت ئەگەر خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵات ملکەچ دەکات بەڵام لێرە لە کوردستان فەقر و مەحروومییەتی داسەپاو بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا، نەیتوانیوە ئەو ئاکامەی بێت واتە ملکەچی دەسەڵاتیان بکات، نەک لەبەر ئەوەی کە ئەم خەڵکە تایبەتی تر لە خەڵکی ترن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی تایبەتی تریان هەیە و ئەو تایبەتمەندییانە سەرەڕای داسەپاندنی دواکەوتوویی ئابووریی، مەجالی داوە کە خەڵکی کوردستان بزوتنەوەیەکی وەشیارانە و ڕێکخراو شکڵ پێبدات کە ٤٤ ساڵە سەرەڕای هەر کەندوکۆسپێک، سەرەڕای هەر هەوراز و نشێوێک، ئێستاش زیندوو بێ، ڕێ بپێوێ و ببێتە چەقڵی چاوی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و چاو و چرای شۆڕشی سەراسەری ژینا لە ئێران. ئەم تایبەتمەندییانە خۆی لە مێژووی کوردستان و هەروەها لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەخۆیەوە دیتووە دەبینێتەوە. با بزانین چۆن.

لەڕاستیدا نەتەنیا لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو پێشتریش لە دەورەی دەسەڵاتدارێتی پاشایەتیشدا، کوردستان و چەند پارێزگای تر لە ئێران لەوانە سیستان و بەلوچستان و لوڕستان "نازناوی"!! ناوچەی مەحرووم و دواکەوتوویان پێ براوبوو. دەڵێی ئەم " نازناوە" !! بابەتێکی سرووشتییە و بە ناخی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕۆچووە و هەر بووە و هەر دەشبێت. ئەم ناساندنە بۆ دەسەڵات هەمان مەبەست دەپێکێت تا خەڵک ملکەچی بن. بەڵام ئەم هەلومەرجە لە ژیان ئەزموونێکی واقیعی و عەینییە، پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە. بۆ خەڵکی کوردستان فەقر و مەحروومییەتێک کە بەسەریدا سەپاوە بووەتە ئەزمونێکی واقیعی. ئەزموونێک کە ئەم بۆچوونەی لە پشتە و بە حاسڵی سیاسەتی دەسەڵاتێکی دەناسێ کە بە پێی ئاسۆیەکی دیاریکراوە کە لە مانەوەی دەسەڵاتدا خۆی دەگرێتەوە، هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان سەختی ژیان و هەموو ئەو بێ مافییەی کە بەسەریاندا داسەپاوە لە ڕێگای ئەم هەڵاواردنە سیستماتیک و سازماندارووەوە بخوێننەوە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەم دۆخە دەرەنجامەکەی بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی نەبووەتە هۆی سەردانەواندن و تەسلیم بوون، بە پێچەوانەوە هانی داون تا خۆیان و ژیانی خۆیان و داهاتووی خۆیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتدا ببیننەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە بووەتە هەوێنی وشیاری و خەبات و تێکۆشان لەپێناو سەلماندنی مافە ڕەواکانیان.

درێژە لە لاپەڕەی٣

## درێژەی لاپەڕەی٢

ئەگەر فەقر و مەحرووم ڕاگرتنی خەڵک، ئامرازێک بێ بۆ تەسلیم کردن بەرامبەر بە چارەنوسێک کە دەسەڵات لەپێناو مانەوەی خۆیدا وەک سیاسەتێک بەڕێوەی دەبات، لە کوردستان ئەو گاریگەرییەی نەبووە. لێرەشدا با زۆر نەگەڕێنەوە بۆ دوواوە، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە خۆی دەرخست و لە درێژەی دەسەڵاتدارێتی ئەم حکوومەتەدا هەروەک باسکرا بە گەلێک حەرەکەتی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووانەیان ڕێکخست. شۆڕشی ژینا نموونەی بەرچاو و زیندووی بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوەیەیە. هەروەک پێشتر لە وتارێکی تەلەویزیۆنی کۆمەڵەدا ئاماژەی پێکرابوو. " شۆڕشی ژیناش ڕووداوێکی کتوپڕ و برووسکەیەک نەبوو لە ئاسمانی بێ هەوردا. سەیری مانگرتنی گشتی کوردستان بکەن بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەران، هەروەها هاودەنگی کەم وێنەی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان،

ئەو کارنەڤاڵە گەورەیە کە بۆ ڕێزلێنان لە شۆفێرێکی قارەمان کە لەکاتی گەیاندنی هاوکاریدا گیانی بەختکرد، پشتیوانی بەربڵاوی جەماوەریی لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژاوا بێننە بەرچاو، سەیری پاڵپشتی لە خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن بەرامبەر بە ستەم و ملهوڕییەکانی حکوومەتی ناوەندی عێراق، سەیری بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ بەرگریکردن لەژینگە، خۆڕێکخستنە درەوشاوە جەماوەرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پەتای کرۆنا، بەرخۆدانی ژنان لە بەرامبەر سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و ڕێژەی بەرچاوی ئەو هەڵسووڕاوە کرێکاریانەی کە لە ئاستێکی سەرتاسەریدا خاوەن کاریگەری و ئیعتیبارن، بکەن. سەرجەمی ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەم دیتوو لەکوردستان لە سەر بنەمای هەڵسانگاندنی خۆیان بە گشتی سوننەتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان وەشیارانە و ڕێکخراو دەپارێزن و بەرەوپێشەوەی دەبەن و ملکەچی دوخێک نەبوون کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی دەکرد. بەهەموو ئەمانەشەوە هێشتا بە تەواوی وەڵامی ئەو پرسیارە نەدراوەتەوە کە بۆچی لە کوردستان زۆرتر وایە؟ یان بە واتایەکی تر بۆچی ئەم دۆخە خراپە ئابووری و خزمەتگوزارییە لە کوردستان نەیتوانیوە کاریگەری بکاتە سەر خەبات و تێکوشانی ئەم خەڵکە؟ ئەو تایبەتمەندییەی کە باسمانکرد لەکوێدایە؟ بێگومان مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەم خەڵکە بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنووسین کاریگەری خۆی هەیە، بە تەنیا مێژوو ئەگەرچی گرنگە بەڵام ناتوانێ ئەم دۆخە لە کوردستان تەوزیح بدات. کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی دیاریکراو گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کە کاریگەری تەنانەت لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ پێناسەکردنی شوناسی جیاوازی نەتەوەیی، داناو. ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە، خەبات و تێکوشان بۆ دابینکردنی ژیانی ئینسانی و خەبات بۆ سەلماندنی مافە سەرەتاییەکانی هێناوەتە گۆڕێ و لەگەڵ خەبات بۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی لێکی گرێداون. بە جۆرێک کە لە یەک جیا ناکرێنەوە. بە پێچەوانەی مێژووی تا ئەم سەردەمە، کوردستان تەنیا بە چەک و پێشمەرگایەتی و شاخەوە یان تەنیا خەبات لەپێناو مافی نەتەوایەتی ناناسرێنەوە، ئەگەر وابوایە ئێستا دەمێک بوو ئەم بزووتنەوەیە ڕووی لە کزی و لاوازی کردبوو، هەروا کە خەباتی چەکداریی سەرەڕای دەستکەوتە بەنرخەکانی، ڕووی لە کزی کردووە. چاو لێبکەن، ئەمڕۆ لە کوردستان دروشمی "زەحمەتکێشان چەکدار بن " جێگای خۆی داوە بە " زەحمەتکێشان ڕێکخراو بن ، یان دروشمی " هێز لە لولەی تفنگدایە" جێگای خۆی داوە بە " هێز لە ڕێکخراوبووندایە" دوای ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەمڕۆ کوردستان بە شۆڕشی ژینا، شۆڕشی یاخی بوونی ژنان دژی پیاوسالاری، شۆڕشی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ سەلماندنی مافەکانیان، شۆڕشی لاوان و شۆڕشی موعەلیمان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بە مانگرتنە سەراسەرییەکان، بە ڕێپێوانەکانیەوە بە یەکگرتوویی و هاودەنگی بۆ سەلماندنی مافەکانی دەناسرێتەوە. بۆیە وەشیارە، پێشەنگە و بۆیە زیندووە و بۆیە بارودۆخی ئابووری، فەقر و مەحرومییەتێک کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو مەبەستێکی دیاریکراودا بەسەریدا سەپاندووە، نەیتوانیوە ئەم خەڵکە ملکەچی دەسەڵاتی خۆی بکات.
ئەم ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییە هەروەک باسکرا تەنانەت کاریگەری خۆی لەسەر کێشەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان داناوە. ئەم کێشەیە ئەمڕۆ زۆرتر لەسەر شانی ئەو بەشە لە کۆمەڵگا قورسایی ئەکات کە ژیانی ئەمڕۆ و سبەینێیان لە مەترسیدایە و باری قورسی فەقر و مەحروومییەتی داسەپاو لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تەجروبە دەکەن. کەوابوو خەبات بۆ باشترکردنی ژیان و سەلماندنی مافە سەرەتاییەکان و خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیش بۆ ئەم بەشە زۆرە لە خەڵکی کوردستان لە یەک جیا ناکرێتەوە و تێکهەڵکێش کراوە. ناکرێ و مومکین نییە ئەم یان ئەوی تریان لە پێشدا بێتە ئەولەوییەت. ئەو بۆچوونەی کە ئێش و ئازاری خەڵکی کوردستان دابەش دەکات لە ڕاستیدا پشتگوێخستنی بەشێکی گرنگ لەو دۆخەیە کە لەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان قورسایی ئەکات. هەربۆیە داهاتووی کوردستان گرێدراوە بەوەی کە بە کامە ڕێگا و شوێن، بە کەمترین ئازار دەتوانێت چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی بکات. ڕێگاوشوێنێک کە نە تەنیا ژیانی ئەمڕۆی خەڵک دەگۆڕێ، بەڵکوو پێدادەگری لەسەر کۆتاییهێنان بە هەر چەشنە فەقر و محروومییەت و ڕیفاە و خۆشبەختی ئەکات، لە هەمان کاتدا پێناسەی نەتەوەیی ئەم خەڵکە واتە ستەمی نەتەوایەتی چارەسەر ئەکات. ئەمڕۆ شوناسی نەتەوەیی سەرەڕای گرنگبوونی هێشتا بە تەنیا ئەو کێشە نییە کە خەڵکی کوردستان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەدوای چارەسەرکردنییەوەن، بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە باسکران، دەخرێتە پاڵ ئەزموونی چارەسەرکردنی فەقر و محروومییەت و چارەسەرکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.
هەر ئەم واقیعە هاوچارەنووسیی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە سەراسەری ئێران دەکاتە ئەمرێکی واقیعی کە ئەوانیش زۆربەی هەرە زۆریان لەژێر باری هەمان سیاسەتدا ژیانیان لێ تاڵ بووە. ئەم هاوچارەنووسییە لە هەمانکاتدا ئەوە دەخوازێ کە خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ سەلماندنی مافە ڕەواکانیان، هاوخەباتی لەگەڵ خەڵکی سەراسەری ئێران بکەن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو تا ئاسانترین ڕێگا بگرنەبەر بۆ داخوازییەکانیان، تا بە هێزێکی زۆرترەوە بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی وەک یەکەم کۆسپی سەر ڕێگای داوکارییەکانیان ببنەوە. بەمجۆرە ئەتوانین بڵێین دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە مەیل و بۆچوونێک لە کوردستان هاتە ئاراوە کە بە خوێندنەوەی واقیعی لە کۆمەڵگای کوردستان ئاسۆیەکی تری هێنا ئاراوە کە خۆی لە ئاسۆی سۆسیالیزمدا دیتەوە....
مەبەست ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ وەشەی سۆسیالیزمیان وەک دروشمێک بەرز کردووەتەوە، یان مەبەست ئەوە نییە کە سۆسیالیزم وەک شێوازێک لە ئیدارەی کۆمەڵگا ئێستا لە بەردەستدایە. ئەگەر مانای عەینی بە سۆسیالیزم ببەخشین، یانی سۆسیالیزم وەک ئاسۆیەک بە واتای پێداگرتن لەسەر ئازادی و بەرابەری و بەختەوەری ئینسان مانای بکەینەوە، ئەمڕۆ بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان هەنگاونان لەپێناو سەلماندنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستان لەوانە، مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین لە ڕێگای دەسەڵاتدارێتی جەماوەری، هەنگاونان لەپێناو هەر ئەندازە دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر، بە کردەوە ڕێگا خۆشکردنە لەپێناو ئاسۆی سۆسیالیستیدا، واتە ئازادی و بەرابەری و بەختەوەریی ئینسان. ئایا ئەم ئاسۆیە مانای واقیعی و کۆمەڵایەتی هەیە یان تەنیا ئارەزووە؟ لانیکەم لەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەت لە شۆڕشی ژینادا بەکردەوە خەبات و تێکوشانی ئەم خەڵکە هەمان مانا نیشان ئەدات ئەگەرچی لە دروشمەکانیشدا ڕاستەوخۆ دەرنەکەوێت. دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام، دژایەتی لەگەڵ زیندانیکردنی بیری جیاوازی سیاسی، دژایەتی لەگەڵ کولتووری پیاوسالاری، پێداگرتن لەسەر جیایی دین لە دەوڵەت، پێداگرتن لەسەر ئازادی و بەرابەری و... لە ناخی خۆیدا خزمەت بە ئاسۆی سۆسیالیزم دەکەن. جگە لەمانە، لەخۆڕا و بە هەڵکەوت نییە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان سەرەڕای دەست ئاوالابوونی لەلایەن دەسەڵاتەوە و چاوقرتاندنی ئەم یان ئەو لایەنی سیاسی لە کوردستان جی ناگرێ، بە هەڵکەوت نییە کە مەیلی ئیسلاحخوازی حکوومەتی جێ ناگرێ و هەروەها بە هەڵکەوت نییە کە بەرەی سەڵتەنەتخوازە سەرەڕای هاوڕایی ئەم یان ئەو لایەنی سیاسی لە کوردستان، ناتوانێت جێ بگرێ. چوون ئەم مەیلە بەرینە کۆمەڵایەتییە لە ژیانی خۆیدا تەجرووبەی کردووە کە خۆی بەهێز بکات و پشت بە هێزی خۆی ببەستێ .
دیارە سۆسیالیزم لە هەمانکاتدا ئاسۆیەکی ڕەها و بێ شکڵ و قەوارە نییە، زمانحاڵی خۆی لە بەرەی چەپی کوردستان دا دیوەتەوە، ئەگەرچی بە تەواوی خۆی لەم بەرەیەدا ڕێک نەخستووە، ئەگەرچی لەوانەیە بە تەواوی لەگەڵ هێزی ڕێکخراوی چەپ خۆی گرێنەدابێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت چاوخشاندنێکی ورد پێمان دەڵێ کە خەریکە یان هەوڵ ئەدات خۆی ڕێکبخات. ئەم هەوڵە لە دەستبردن بۆ ڕێکخراوە جەماوەریی و سنفییەکاندا بەدی دەکرێت. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دواکەوتوویی ئابووریی و خزمەتگوزاری بە ئەنقەست لە کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، پێشکەتویی و وشیاری سیاسی لێ کەوتووەتەوە و پێمان دەڵێ کە ئەگەر کوردستان لەلای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەر بە " نازناوی" ناوچەی مەحرووم بناسرێ و ئەم مەحرووم بوونە وەک سیاسەتێکی دیاریکراو بەڕێوەبەرن، بەڵام ئەم خەڵکە لە خەبات و تێکۆشانیدا کە خاوەنی ئاسۆیەکی ڕوونی سۆسیالیستییە ملکەچی ئەم سیاسەتە نابێ و هەنگاو دەنێ بەرەو بەهێزتر کردنی بزوتنەوەکەی و چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی .

***

# چەند ڕووداوی مێژوویی لە مانگی خەرماناندا

بێهرووز ناسری

لە مێژووی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران، ڕووداو گەلێکی گرینگ لە سێهەمین مانگی هاوین واتە خەرماناندا ڕوویداوە کە لەبیر ناچنەوە و هەموو ساڵێک یادیان دەکەینەوە.

**٩ خەرمانان ١٣٥٧**

کۆمەڵە و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان و ئێران یەکێک لە مەزنترین و کاریگەرترین ڕێبەری خۆی واتە کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە نزیک ئاوایی بەستام سەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز، لەدەستدا. لەو شەڕەدا هاوڕێ تەهموورس ئەکبەری نوێنەری سازمانی چریکە فداییەکانی خەڵکی ئێران هاوسەنگەری کاک فوئاد بووە و لەو شەڕەدا گیانی بەختکرد. "کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی هاوڕێیانی و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بوو. کاک فوئاد لە ڕێبەریکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ١٣٥٧ لە دژی ڕژیمی شاە، بزوتنەوەی جەماوەری لە شاری سنە و پێکهێنانی شۆڕای شارەکانی کوردستان، لە سازماندانی کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکی مەریوان، ڕێکخراوی ئیتحادیەی دهقانان، ڕێپێوانی گەورەی جەماوەری لە شاری سنەوە بەرەو شاری مەریوان، سازماندانی ئەوەڵین دەستەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، پێکهێنانی جەمعیەتە دێموکراتیکەکان، دانوستان لەگەڵ دوژمن و سازماندانی بەرخۆدانی چەکداریی جەماوەریی لە بەرامبەر هێرشی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستان، ئەو بوارانەی بوون کە کاک فوئاد تیایدا درەوشایەوە. کاک فوئاد ڕێبەرێکی لێهاتوو، نەسرەوتوو و جیددی بوو کە کردەوەکانی لە بیروباوەڕی قووڵی سۆسیالیستی ئەوەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەوەی کە کۆمەڵە لە دوای ماوەیەکی کورت لە ئاشکرابوونی هەڵسووڕاوانی سیاسیی، زۆر بەزوویی دەبێت بە ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی جەماوەری و سەراسەریی، بەهۆی ڕێبەرایەتی حەکیمانەی کاک فوئاد بوو. کاک فوئاد لەحزەکانی بە باشی دەناسی و لە کاتی هەستیاردا تەسمیمی دوروست و جەسوورانەی دەگرت. جەسارەتی کاک فوئاد لە باوەڕی قووڵی ئەو بە هێزی لەبن نەهاتووی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە سەرچاوەی دەگرت. بە گیان بەختکردنی کاک فوئاد، کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشان خەسارێکی زۆر گەورەی وێکەوت و ئیستاش جێگای خاڵی کاک فوئاد هەر دیارە. یادی ئازیزی و ڕێگای پڕ ئیفتخاری بەردەوام بێت".

**١١ خەرمانانی ١٣٥٨**

کوشتاری دەیان کەس لە دێهاتەکانی قاڕنا و قەڵاتان لە ساڵی ٥٨ لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیدامەی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستاندا بوو کە جەلادانێکی کۆنەپەرەستی وەک خەڵخاڵی و مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی شاری ورمێ لە هیچ جینایەتێک لە دژی خەڵکی کوردستان و تەبلیغاتی ڕەگەزپەرەستانە و بۆ دوبەرەکی نانەوە لە نێوان خەڵکی کورد و خەڵکی تورکی ناوچەکە کۆتایان نەکرد و لە نەتیجەدا سەدان ژن وپیاو و بەساڵاچوو و منداڵیان قەتڵی عام کرد. لە ١١ی خەرمانان هێزەکانی کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی لە ورمێ کە لە ژێر ڕابەری مەلا حەسەنی جینایەتکاری دامەزرابوو ئاواییەکانی قاڕنا و قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە سەر بە ئازەربایجانی غەربی هێرشیان برد و خەڵکی ئەو گوندانەیان بە شێوەیەکی وەحشیانە بە گوللەی تفەنگ یا بە کارد و تەور قەتڵی عام کرد کە ناوی ٦٨ گیانبەختکردوو تۆمار کراوە. جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاواییەکانی قاڕنا و قەڵاتان نمونەیەکە لە هەزاران جینایەتی دیکەی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە لە دژی خەڵکی زوڵم لێکرای کوردستان کە مێژوو لەبیری ناکات.

**١١ی خەرمانانی ١٣٦٢**

ئەگەر زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکانی مانگی خەرمانان بۆ ئیمە و بزوتنەوەی کۆردستان و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵگری خەساری زۆر گەورە بووە، پێکهاتنی حێزبی کۆمۆنیستی ئێران لە خەرمانانی ١٣٦٢ یەکێک لەو ڕووداوانە بوو کە ئۆمیدی خەبات بۆ ڕزگاریی لە ستەم و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی زیندوو هێشتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە کۆماری ئیسلامی هێرشی بەربڵاو و سەرکوتگەرانەی خۆی بۆ سەر ئەحزابی سیاسی، ڕێکخراوە جەماوەری و کرێکارییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەست پێکردبوو و لە ئاکامی ئەو هێرشە جینایەتکارانەیەدا دەیان هەزار هەڵسووڕاو زیندانی و ئێعدام کران، زۆریەک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان لەناو چوون و هەوری ڕەشی نەگبەتی، سەرکوت و جینایەتی ڕژیمی ئیسلامی ئاسمانی ئێرانی داگرتبوو، دەنگی شۆڕش و بەرخۆدان لە کوردستانی شۆڕشگێڕ بڵێسەی دەدا. لە ماوەی ئەو چل ساڵەی کە بەسەر پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا تێدەپەڕێت، حیزب لە پرۆسەی خەباتیدا لەگەڵ گەلێک هەورازونشێو ڕوبەڕوو بووە. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزب، کە جێ و شوێنی لە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا هەیە و پێکهێنەری سەرەکی حیزبی کۆمۆنیست بوو، بوو بە کۆڵەکەیەکی قایم بۆ حیزبی کۆمۆنیست. لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەزاران ئەندامی خەباتکاری حیزب لە مەیدانەکانی خەباتدا گیانی ئازیزیان بەختکردووە. بێشک بارودۆخی سیاسی و چینایەتی ئێستای کۆمەڵگای ئێران نیسبەت بە چل ساڵ لەمەو بەر ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و پرسیار و ئاستەنگی گرینگ بۆ ئێمە و حیزب بوونی هەیە و زەروورەتەکان ئەو داخوازییە دێنێتەگۆڕێ کە ئێمە تا ئەو جێگایەی کە لە تەوانماندا بێت تێبکۆشین تا لەسەر جوابی پرسیارەکان و ئاستەنگەکان کار بکەین بۆ ئەوەی بە سەهمی خۆمان وڵام بە نیازی خەباتکارانە و چینایەتی و نەتەوایەتی بدەینەوە. بەمجۆرە ڕێگای بەرەوپێشچوون بەرە و سۆسیالیسم خۆش بکەین.

**٤ی خەرمانانی ١٣٦٨**

ڕۆژی ٤ی خەرمانانی ١٣٦٨ لە کاتێکدا کە هاوڕێ بەهمن جەوادی ناسراو بە غوڵامی کەشاوەرز بۆ دیداری بنەماڵەکەی سەفەرێکی بۆ شاری لارناکا لە وڵاتی قیبرس کردبوو، لە پێش چاوی دایک، هاوسەر، برا و دوو منداڵە کەم سن و ساڵەکەی دەکەوێتە بەر گوللەی ماتۆڕسوارێکی تێروریستی کۆماری ئیسلامی و ساعەتێک دوواتر لە نەخۆشخانە گیانی ئازیزی لەدەست دەدات. هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز ئەندامی کۆمیتەناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سەر دەبیری ڕۆژنامەی ڕەسانە، ئۆرگانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیست بوو. هاوڕێ غوڵام یەکێک لە هاوڕێیانی ساحیب نەزەری ناو حیزب بوو و بە لە دەستدانی ئەو هاوڕێ خۆشەویستە، حزبی کۆمۆنیستی ئێران خەسارێکی گەورەی وێکەوت. یادی ئازیزی هاوڕێ غوڵامی کەشاورەز بەرز و بەرێز بێت.

**١٣ی خەرمانانی ١٣٦٨**

نۆ ڕۆژ دووای تێرۆری هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز، هاوڕێی مەزن کاک سەدیق کەمانگەر ئەندامی دوو کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، وتەبێژ و مەسئوولی شۆڕای ئینقلابی سنە و مەسئوولی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران، لە ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ١٣٦٨ لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی کۆمەڵە، بە دەستی بەکرێگیراوێک بەناوی تۆفیق گرژاڵی تیرۆر کرا. جەسارەت و بوێری هاوڕێ سەدیق بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و بە تایبەت خەڵکی شاری سنە هەم لە دەورەی پێش شۆڕشی ٥٧ و هەم لە سەردەمی شۆڕشدا، زۆر ناسراو بوو. هاوڕێ سەدیق وەک وەکیلی دادگوستەری لە دەیەی ١٣٥٠ لە ناکۆکیەکانی نێوان دێهقانانی ئاوایی دارسەیران و مالیکان و فیئۆدالەکان، لە مافی دێهقانان دیفاعی دەکرد و لە دەورەی بزوتنەوەی بەرخۆدانی خەڵکی شۆڕشگێڕی سنە و لە دانوسانەکان لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نموونەی ڕێبەرێکی بوێری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە بەرامبەر دوژمندا بوو. لە دەستدانی هاوڕێ سەدیق کەمانگەر، خەسارێکی گەورە بوو هەم بۆ کۆمەڵە و هەم بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان. یادی ئازیزی بەرز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١**

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ ڕۆژی مەرگی ژینا ئەمینی بەدەستی پۆلیسی ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی بەناوی گەشتی ئیرشادە. ژینا ڕۆژی ٢٣ی خەرمانان لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر دەکردرێت و بەدووای ئەزیەت و ئازارێکی زۆر کە بەو کیژە ٢٢ ساڵەی دەکەن، دوو ڕۆژ دواتر جەنازەی بێ گیانی تەحویلی بنەماڵەکەی دەدەنەوە. مەرگی ژینا ئەمینی بوو بە بڵێسەیەک بۆ ئاخێزی کۆمەڵایەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەسەریەک کەڵەکە بوونی فەقر، بێکاری، گرانی، بێ مافی، سەرکوت و ئەشکەنجە و سێدارە لە ماوەی ئەو چل و چوار ساڵەدا، خەڵکی زوڵم لێکرای کوردستان و ئێرانی وەزاڵە هێنا بوو و خەڵک چاوەڕێی هەلێک بوون تا ڕق و تووڕەیی خۆیان لە دژی ئەو شەرایتە ی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەریدا سەپاندوون، دەرببڕن. قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی ئەو هەلەی ڕەخساند تا ژنان، لاوان، خوێندکاران و نەتەوەی بندەستی کوردستان و بەلوچستان لە دژی حیجابی زۆرەملی، دژی ئیستبداد و نەبوونی ئازادی و ڕزگاریی بەدیل گیراوانی سیاسی هاتنە سەرشەقامەکان. شۆڕشگێڕانی ژن و پیاوی سەرشەقام بە دەستی خاڵی ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی کە لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە بەکارهێنانی چەکی گەرم لەدژی خەڵکی سەرشەقام جووابی ئەو ناڕەزایەتییەی خەڵکیان داوە. لە ئاکام دا زیاتر لە ٦٠٠ نەفەریان کوشت، دەیان هەزاریان بە دیل گرت و ژمارەیەکیشیان لە سێدارە دا.

**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢**

ئەوەڵین ساڵڕۆژی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیە و لە کۆڕوکۆمەڵی جۆراجۆردا لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕێز گرتن لە ئەوەڵین ساڵیادی ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادین. خوێندنەوەی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئێران ئەوەمان پێدەڵیت کە ئیحتمالی ئەوەی کە شۆڕشی ژینا لە دەوری داهاتوودا قووڵتر و بەرفەراوانتر بێت زۆرە. قووڵتر بە مانای ئەوەی کە خەباتکاران ئاڵای ویستە ئابووری و سیاسییەکان پێکەوە بەرز کەنەوە. یانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و ئێران هەم بە ئازادی، هەم بە نان و هەم بە مافەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ئیحتیاجیان هەیە. بەرفەراوانتر بوونی شۆڕشیش بەو مانایە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن لە پەیوەندی و هاوئاهەنگییەکی هاوبەشدا کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش یەکگرتووتر بکەن. هاوپشتی بزووتنەوە جەماوەرییەکان دەتوانن بنەمای هێزێک بێت تا کۆماری ئیسلامی بە هێزی لە بن نەهاتووی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکیش، بە زبڵدانی مێژوو بسپێرێت.

***

# مەزهەب ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە دەرونەوە

مەزهەب لە کۆمەڵگەی چینایەتیی ئەمڕۆدا، لە هەمانحاڵدا کە بیروباوەڕی جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش پێکدێنێ، ئامرازێکیشە بەدەست سەرمایەداران و دەوڵەتەوە هەتا لەو ڕێگەیەوە خەڵک بەهیوای ژیانێکی ئەفسانەیی لە جیهانێکی دیکەی پێ فریو بدەن و حاکمییەتی نیزامی سەرمایەداریی و بەهەشتی ئەمڕۆی خۆیان لەم جیهانەدا درێژە پێ بدەن. مەزهەب بەردەوام و بەدرێژایی مێژوو، ڕەنگدانەوەی بێ هیوایی و بێ توانایی جەماوەری خەڵک بووە بۆ دەست و پەنجە نەرمکردنیان لەگەڵ کۆسپەکانی سەرڕێی ژیانیان. ئینسانێک کە دیلی موناسباتی نیزامی سەرمایەدارییە و بەتەنها ناتوانێ دۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێت و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆی و بنەماڵەکەی گیرۆدەین، کارێکی لەدەست نایەت، کاتێک کە خۆی بە سست و داماو دەبینێ، بە ناچار ڕوودەکاتەوە ئاسمان، بەو هیوایەی کە هێزێکی بەتواناتر لە خۆی دەرکەوێت و ڕزگاری بکات. کاتێک کە لە جیهانی واقعیدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە حەز و ئاواتەکانی نامێنێتەوە، ئاواتەخوازە کە بۆ دەستڕاگەیشتن بە هیواکانی، دوای مردن سەرلەنوێ زیندوو بێتەوە و بە ئاواتی دەستڕاگەیشتن بە ڕیفاە و بەختەوەریی لە جیهانی خەیاڵاویی دوای مەرگ، ڕەنج و کوێرەوەرییەکانی جیهانی ڕاستەقینەی تەحەممول دەکات.دەوڵەتانی سەرمایەداریی بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەیان، دەست دەدەنە شێوەی جۆراوجۆری سەرکوت. سەرکوتی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و درووستکردنی فەزای پۆلیسیی و وەحشەت لە کۆمەڵگەدا تەنها یەکێک لە شێوەکانی سەرکوتە. شێوەیەکی دیکە کە بە یارمەتیی مەزهەب ئەنجام دەدەرێت بریتییە لە دەروونیکردنەوەی سەرکوت. ئەوان بە یارمەتیی مەزهەب دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی نارازیی لە دەروونەوە کپ دەکەن. مەزهەب ئەوە فێری کەسانێک دەکات کە بە درێژایی تەمەنیان زەحمەت دەکێشن و لە هەژاریدا دەژین کە تا کاتێک کە زیندوون و بەسەر ئەم جیهانەوەن، تەسلیم بن و سەبوور و بەهیوای پاداشتەکانی بەهەشت ئارام بگرن. مەزهەب جۆرێک موخەددێری مەعنەوییە کە تێیدا کۆیلەکانی سەرمایەداریی، دڵخوازانە داخوازییەکانیان بۆ ژیانێکی باشتر وەلا دەنێن کە زیاتر شایستەی ئینسان بێت. ڕزگاربوونی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم هۆکارەی سەرکوتی ڕەوانیی، لەڕێگەی ڕۆشنگەریی و لێکدانەوەی زانستییانەی کێشەکانی جیهان لە چوارچێوەیەکدا ئیمکانپەزیر دەبێت، بەڵام ئەم ڕزگاربوونە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەنها ئەو کاتە مومکینە کە بارودۆخی ماددیی ژیانی ئینسان بگۆڕێت و ئەو هێزە سرووشتی و کۆمەڵایەتییانەش کە ئینسان لە ترسیان پەنا دەباتەبەر مەزهەب، بێتەژێر کۆنترۆڵی چینی کرێکار و بیروڕای ئینسانە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکان. هەر بەم ئاراستەیە و بۆ دەستڕاگەیشتن بە وەها ئامانجێکە کە داخوازیی جیایی دین لە دەوڵەت دێتە گۆڕێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مەزهەب جیاواز لەوەیکە لە دەوڵەت سەربەخۆ بێت یان نا، بە ئامرازێکی ڕەوانیی سەرکوتی کرێکاران و خەڵکێکی زەحمەتکێش دەزانرێت کە لە دەست ئەم نیزامە وەزاڵە هاتوون و لێی نارازین. بەڵام دەستەبەربوونی داخوازیی جیایی دین لە دەوڵەت، ئەم ئامرازەی سەرکوت لەدەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەردێنێ. جیایی دین لە دەوڵەت مانای ئەوە دەدات کە هەر چەشنە ئیمتیاز و هەڵاواردنێک لە پیشە دەوڵەتییەکان و مافی کەسەکان لەسەر بنەمای مەزهەب و پلەی مەزهەب یان باوەڕمەندبوون یان باوەڕپێنەبوون بە مەزهەب بە تەواوەتیی هەڵوەشێتەوە؛ بەواتای هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی دانی یارمەتیی دارایی و غەیرە دارایی دەوڵەت بە چالاکیی و دامەزراوە مەزهەبییەکان، بەواتای هەڵوەشانەوەی مادده دەرسییەکان و یاسا و ڕێسا و ئایینی مەزهەبیی لە مەدرەسە و دامەزراوە ئاموزشییە دەوڵەتییەکان، واتە هیچکام لە مەزهەبەکان وەک مەزهەبی ڕەسمیی بە فەرمی ناناسرێت، مەزهەب وەک ئەمری تایبەتیی کەسەکان بەئەژمار دێت و هەموو کەسێک لە هەڵبژاردنی هەر مەزهەب و لەوانە باوەڕپێنەبوون بە هەموو مەزهەبێك، ئازادن. "جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتیمان لەگەڵ مەزهەب وەک ئەمرێکی دەوڵەتیی، تەعەهود و پابەندبوونی ئێمەش بە بنەمای ئازادیی بێ شەرت و مەرجی بیر و باوڕ پیشان دەدات. واتە پێداگریی لەسەر ئەم ئەسڵە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپۆزسیۆن و چ دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیش، بە تەئکیدەوە دژایەتیی ئەوە دەکات کە جەبر و زۆرداریی و پشکنینی بیروباوەڕ و هەڵاواردن و مەحدودییەتی یاسایی دەرهەق بەو کەسانە بکرێت کە بیروباوەڕی مەزهەبییان هەیە و بۆ ڕەخنەگرتن و وەلانانی بیروباوەڕ و بۆچونە مەزهەبییەکان لە کۆمەڵگەش، هیچ شێوەیەک بێجگەلە خەباتی نەزەریی، ڕۆشنگەریی و ئاموزش و بە قەناعەت گەیاندن بە ڕێگەپێدراو نازانێت. خواستی جیایی دین لە دەوڵەت و تەبدیل کردنی مەزهەب بە ئەمری تایبەتیی ئینسانەکان، یەکێک لەو درووشم و داخوازییانەیە کە ئێمە کۆمۆنیستەکان خەباتی بۆ دەکەین، بەڵام جیاواز لە ئێمەش بەشێک لە ئۆپۆزۆسیۆنی بوورژواییش بەدەر لەوەیکە لە داهاتوودا تا چ ڕادەیەک پێوەی پابەند بن، ئەم دروشمەیان بەرز کردووەتەوە و هەندێک جاریش دەبنە موبەلیغی ئیدە غەیرە مەزهەبییەکان و خۆشیان بە سێکۆلار ناو دەبەن. بەڵام ئەوەیکە هەڵوێستەکانی ئێمە لە هەڵوێستی جەریاناتی بوورژوازیی جیادەکاتەوە، تەنها سێکۆلاریزم و داخوازیی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا ڕوونکردنەوە و لەقاودانی دەور و نەخشی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی مەزهەبیشە لە خزمەت بە نیزامی چینایەتیی سەرمایەداریی. ئێمە لە خەبات لەگەڵ مەزهەبدا قەت بێڕێزی بە بیروباوەڕی خەڵک ناکەین، کاری ئێمە ڕۆشنگەری و تەوزیحی بە حەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بەڵگەمەندی جیهانبینی کۆمۆنیستییە لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەبدا. وەها سیاسەت و هەڵوێستێک، دووبەرەکینانەوە نییە، بەڵکوو وەحدەت بەخشە. نەك هەر ڕیزی هاوپشتیی خەباتکارانەی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز ناکات، بەڵکوو بە هۆی خەسڵەتی سادقانە، زانستیی، و دڵسۆزانەیەوە، ڕیزی نەبەردی چینایەتیی کرێکارانیش بەهیزتر دەکات.

***

**پێشـــڕەو**

**ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە**

(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئیدیتۆر:**
**ئیبراهیم عەلیزادە**

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

Add: Sulimania_Zrguez

Tel:
009647701567854
009647710259353

E-mail:
Peshraw@komalah.org

Web:
http://www.komalah.org/

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق**

Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات**

Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail:
komala@cpiran.org

**تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە**

Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8

Web:
http://www.tvkomala.com/

**ڕادیوکان:**

بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران ڕادیۆ کۆمەڵە و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه سەت بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٤-نیوەی دووەهەمی خەرمان ١٤٠٢-سێپتامبر ٢٠٢٣

# " بەم شێوەیەیە دنیایەکی کە بیری لێدەکەمەوە"

سەعید ئەمانی

" هیوز نووسەرێکی بە توانایە. ئەو ڕەش پێستە و گەلێك بە دژواری دەکرێ بڵێی کە لە پێشدا نووسەرێکە یان ڕەش پێستێك".

هیوز وەك ڕەش پێستێك، خاوەنی کەسایەتییەکە باکی نییە لەوەی کە ڕەش پێستە. ئەو بە باشی بایەخەکانی کۆمەڵگای ڕەش پێستەکان دەناسێ و سەرەڕای گشت بەربەست و ناهەموارییەکان دەیەوێ وەك ڕەشپێستێك بمێنێتەوە. ئەگەر کەسێك لەبەر ئەوەی کە ڕەش پێستێکە شکایەتی لێبکات، دەکەوێتەبەر سەرکۆنەکردن. ئەو لە گەورەی بنەماڵەیەك دەچێ کە دەیەوێ سەرەڕای گشت ئەو ئاڵوگۆڕ و گوشارانەی لە دەرەوەڕا، بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو، ڕوو دەکاتە کۆی بنەماڵەکە، هەموو داب و نەریتەکان بپارێزێ.

لینگستن هیوز لە مقامی نووسەرێکیشدا ئەو شتە دەنووسێ کە باوەڕی پێیەتی و بە شێوەیەك ئەنووسێ کە نووسراوەکەی لەو شوێنەدا مەبەستییەتی شوێنەوار دابنێ.

بەم چەشنە، کەسایەتی هیوز نموونەی هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێستە کە بە هەستکردنی تەواو بە زەمان و هەل و مەرجەکەی لە ڕاستای باشترکردنی بارودۆخی ژیانی هاوشێوەکانیدا هەنگاو دەنێ. هیوز سەردەمێك دەستیکرد بە نووسین کە کۆبوونەوەی شاراوەی ڕەش پێستەکان و ناڕەزایەتی دەربڕینی گەلەکەی سەرکووت کراوبوو و بێ دەرەتان مابۆوە و لوولەی تفەنگەکان ڕوو بەوان گیرابوون و بە دەستبردن بۆ بچووکترین کردەوەیەکی کە جێی ڕەزامەندی سپی پێستەکان نەبووایە، پێستی ڕەشەکان بە ڕەنگی سووری خوێنەکەیان دەڕازایەوە.

هیوز کاتێ ک دەستیپێکرد کە ئیتر ڕەش پێستەکان بەرە بەرە خەریکن بڕوا بە داهاتوویەکی باشتر لە دەست ئەدەن و لەوەی کە ڕەش پێستن بە داخەوەن و دەیانەوێ وەك سپی پێستەکان جل و بەرگ لەبەر بکەن، خۆراك بخۆن، هەڵپەڕن و تەنانەت بشنووسن.

ئەو دەستیپێکرد بۆ ئاڵوگۆڕێك پێك بێنێ و هەل و باردۆخەکە بگۆڕێ و چەمکی کۆمەڵگای ڕەش و سپی نەهێڵێت. ئەو تەنیا بیری لە کۆمەڵگایەکی یەکدەست دەکردەوە. لەو سەرودەمەدا سەربەخۆیی هونەریی تەنیا مافی بەرتەسك نەکراوەی ژیانی ڕەش پێستەکان بوو. هونەرمەندانی ڕەش پێست لە گۆرانیەکاندا، لە شێعر و داستانەکانیاندا دەیانتوانی هەل و مەرجی کۆمەڵگاکەیان دەربخەن و بزوونەوەیەکی نوێ لە ڕاستای گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری پایە ڕێژی بکەن.

گومانێك لەوەدا نییە کە هیوز یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و بوونیان گوزارانی ئەم بزوتنەوەیە بوو. بزووتنەوەیەکی کە چلۆنایەتی کەڵك وەرگرتن لە هونەر، لە ڕاستای ڕێبەریکردنی کۆمەڵگا بەرەولای مەبەست و مەرامەکانی، بە باشی فێر دەکات.

هیوز لە ساڵی ١٩٣٥ لە وتارێکدا بە ناوی " بۆ نیگرۆ ویراتێرز" گشت نووسەرانی ڕەش پێست بەرەولای مەبەستێکی بێ هاوتا بانگەواز دەکات. ئەو لەم وتارەدا ئاماژە بە هێندێك شت دەکات کە نووسەری ڕەش پێست دەتوانێ و دەبێ بەڕێوەیان بەرێت تا بەرهەمەکەی لە شێعرێکی جوانی وەسف کەرەوە و لە ڕۆمانێکی ئەویندارانەوە ببێتە بەرهەمێکی ناڕەزایەتی و ئازادی خوازانە. ئەو دەنووسێ:" ئەگەر دەتەوێ سەبارەت بە مانگ بنووسی، بنووسە ئێرە سەرزەمینێکی ئازادە. بەڵام هێندێك شت بوونیان هەیە کە نووسەری ڕەش پێست دەتوانێ و دەبێ لە نووسینەکانیدا ملکەچیان بێت. " ئەو گەرکیەتی نووسەر خاوەن هەڵوێست بێ. دەیەوێ نووسەر هەست بە هەل و مەرجی سەردەم بکات و بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی گەلەکەی لە تواناییەکانی خۆی کەڵك وەربگرێ.

" نووسەری ڕەش پێست دەبێ لە نووسینەکانیدا پەردە لە ڕووی، بە ڕواڵەت جوانی، و مرۆڤ دۆستی لابدات. ئەو مرۆڤ دۆستەی وا بە میلیۆن دۆلار پووڵ ئەداتە قوتابخانەی جیم کرۆم Jim Crum ، ( قوتابخانەیەك تایبەت بە ڕەش پێستەکان ) بە بێ ئەوەی هیچ کارێك بدات بە فارغوالتەحسیلەکانی و یان نەخۆشخانە گەلێکی تایبەت بە ڕەش پێستەکان بە ئامێری دەرەجە دووەوە دروست دەکات.

ئەو داوا لە نووسەرانی ڕەش پێست دەکات تا بەسەرهاتی ئەو لاوانە بنووسنەوە وا بە هەزاران هیوا و ئاواتەوە بە دانی پارەیەکی زۆر و خۆڕاگریی لە بەرابەر دژواری گەلێکی جۆراوجۆردا دەرس دەخوێنن، بەڵام دوای چەند ساڵ هەوڵ و کۆشش بەبێ ئەوەی کە مەجالی کارێکیان بۆ بڕەخسێ و دەستیان لە شوێنێك گیر بووبێ خۆیان لە شەقامێکی بونبەستدا دیوەتەوە. یان کەسانێکی کە بە هۆی نەبوونی ئیمکانات لە نەخۆشخانەی ڕەشپێستەکاندا هانا دەبەنە بەر نەخۆشخانەی سپی پێستەکان، و سەرئەنجام لەوێش وەدەر دەنرێن و دەکەونە ئامێزی مەرگەوە.

هیوز دەیەوێ بەگشتی دەست بدەنە لەقاودان. دەیەوێ نووسەران ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کەسانێك کە کاریان دەربڕینی قسەی جوان و ڕازاوە و بریقەدارە و بەم شێوەیە خەڵك دەخلافێنن تا لە ڕاستییەکانی دەوروبەریان دووریان بخەنەوە.

" ئێمە وڵاتێکی باشترمان دەوێ. وڵاتێك کە بێدەرەتانێکی تێدا نەبێ. باسێك لە قوتابخانەی " جیم کرۆم" لە ئارادا نەبێ، کەرەسەی شەڕ دروست نەکرێ و ئێمەش پێویستییەکمان بە بەشەردۆستی نەبێت."

بەم چەشنە هیوز، ئارمان شاری جێی مەبەستی بزووتنەوەکە وێنا دەکات. ئەو بە شوێن وڵاتێکەوەیە تا بتوانێ بە " ماڵی خۆی" بزانێ و بە شانازیەوە ناوی بێنێ و بە ناوهێنانی هەست بە ئاسایش و ئەهوەنی بکات.

" ئێمە وڵاتێکان ئەوێ کە ماڵی خۆمان بێت. دنیای خۆمان بێت، ئێمە کرێکارانی ڕەش و سپی، ئەو دنیایەی کە ئاوات و ئارەزوومانە، بنیاتی دەنێین."

لینگستن هیوز سنووری داواکاری ڕەش پێستەکان دەبەزێنێ و ئاشتیەکی گشتگیر و دنیا داگر دێنێتە ئاراوە. داوا لە کرێکاران و نووسەرانی سپی پێست دەکات تا یارمەتی دەری سڕینەوەی هەر چەشنە هەست بە جیاوازی و هەڵاواردن و نا بەرابەرییەك لە زەینەکاندا بن و هەموو ئەو هێزەی سەرفی ناساندنی سنوور و بەربەستەکان دەکرێ، بخرێتە پێناو بنیاتنانی دنیایەکەوە کە مایەی شانازی گشت لایەك بێت:

من بیر لە دنیایەك دەکەمەوە
کە لەودا ئینسانێك
سووکایەتی بە ئینسانێکی تر
نەکات



جێگایەکی کە
ئەوین زەوینی پاکتر
کردووە و
ئاشتیش جادەکانی
ڕازاوەتر.
من بیر لە
دنیاییەك دەکەمەوە
کە بە گشتی
شارێی ئازادی
دەناسێ
شوێنێکی کە
زێدەخوازی شیرەی
گیانەکان ناکێشێ.
لە ئەندێشەی
دنیایەکدام ڕەش و
سپی
لە هەر قەوم و
نیژادێك بن
جوامێرانە زەوی
لەگەڵ یەك بەش
دەکەن
ئازادی مافی
هەمووانە و
چارە ڕەشی بێ مانایە.
شادمانی، وەك نگینێك
لە ژیانی گشتا ئەدرەوشێ
بەم شێوەیە ئەو دنیایەی من
دەمەوێ.

بەیانی باش ئەی شۆڕش....
شێعری : لینگستۆن هیوز
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

بەیانی باش ئەی شۆڕش
تۆ باشترین هاوڕێی کە تا
ئێستا هەمبووبێ
لەمڕۆ بەدواوە وەک دوو هاوڕێ
پێکەوە دەبین
دەی گوێڕادێرە ئەی شۆڕش
دەزانی خاوەنکاری ئەو شوێنەی
کارم لێی دەکرد
ئەو پیاوەی هەوای لێ قەدەغە
کردین، تا مەسرەفی کەم بێتەوە
نامەیەکی درێژی سەبارەت بە
تۆ بۆ ڕۆژنامەکان نوسی
نوسیبووی تۆ ئاژاوەگێڕیت، تۆ
دوژمنێکی سەرسەختیت
بە واتایەکی تر نووسیبووی تۆ
کوڕی قەحپەیت(زۆڵیت)
پۆلیسی ئاگادار کردەوە و
پێی وتن چاودێری ئەو کوڕە
بکەن کە ناوی شۆڕشە
دەبینی خاوەنکار دەزانێ تۆ
هاوڕێی منی
ئێمەی بینیوە پێکەوە
ئەزانێ برسی و دەستەنگین
هیچ شتێکمان لەم جیهانەدا نییە
تا نیگەرانی لەدەستدانی بین
بە دڵنیاییەوە خاوەنکاریش هەموو
پێداویستییەکی هەیە
خواردنی باش
خانووی پڕ لە باخ
دەچێتە گەشت و سەیران
مانگرتنەکان دەشکێنێ و
سیاسەت دەکا
دەمی پۆلیس چەور دەکا
مووچەی پەرلەمانتاران دەدا
بە پانتایی سەرزەمینیش خۆ
بادەدا
بەڵام من
قەت بە سکی خۆم تێرم
نەخواردووە
قەت زستانان گەرم و پۆشتە
نەبووم
قەتیش ئاسایشم لە ژیاندا
نەزانیوە — سەرتاپای ژیانم
دەستم بۆ دەمم بردووە
دەستم بۆ دەمم بردووە هیچیتر
گوێڕادێرە ئەی شۆڕش ئێمە
هاوڕێین-
پێکەوە دەتوانین هەموو شتێکمان
هەبێ
کارگە، جبەخانە، خانوو، پاپۆڕ
هێڵی شەمەندەفەر، دارستان،
زەویوزار، ڕەزوباخ
هاتووچۆ، تەلەگراف، رادیۆ
کارگەی پۆڵا، کانەکانی
خەڵووز، بیری نەوت و گاز
سەرجەم ئامڕازەکانی
بە ر هە مهێنا ن
( سبەینێی ڕۆژێکی مەزنە)
هەموو شتێک —
دەکەوێتە دەست ئەوانەی کار
دەکەن
یاساش بۆ ئێمەی کرێکار
دادەڕێژرێ
جا ڕادیۆکانیان هەموو
سبەینێیەکی زووش پەخشی
خۆ ی
بۆ یەکێتیی کۆمارە
سۆشیالیستەکانی سۆڤییەت
دەست پێدەکا :
ئەندامێکی تری سۆڤیەتی
نێونەتەوەیی هات
سڵاو لە کۆمارە
سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت
د ە کا ت
سڵاو لە ئێوە ئەی کرێکارانی
لە هەموو جێیەک ڕاپەڕیوو —
ئێمەش دەست پێدەکەین
لە ئەڵمان
لە چین
لە ئەفریقا
لە ئیتاڵیا
لە ئەمریکا
هەر تەنها بە ناوی من کرێکارم
دەست پێدەکەین
ئەو ڕۆژەش لە هیچ جێگایەکی
جیهاندا جارێکیتر کەس برسی
نابێ
کەس لە سەرما هەڵنالەرزێ
ئەمە کاری ئێمەیە و
زۆر لەمێژە پەرۆشی ئەنجام دانیم
ئەی تۆ شۆڕش؟
دەی با ڕابێین ئەی شۆڕش.!

تێبینی وەرگێڕ : خۆشباوەڕی بە سۆشیالیست بوونی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران سێبەری خستۆتە سەر ئەم شێعرەی لینگستۆن هیوز، لەکاتێکدا بۆ هەموو کرێکارانی جیهان ئەوە ڕوون بۆتەوە کە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران سۆشیالیست نەبوون و مۆدێلێکی تری سەرمایەداری بوون

***

# چاوگێڕانێک بەسەر دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا

هەڵسەنگاندنی هاوبەشی،
ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

چاوگێڕانێک بەسەر دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» ماوەی ساڵێکە ڕواڵەتی ئێرانی بەتەواوی گۆڕیوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەناو کۆمەڵگادا پێکهێناوە. ئەم ڕاپەڕینە، کەشی گشتی وڵاتی بەڕادەیەک گۆڕیوە کە هەموو لایەنەکانی ناوچەکە و جیهان چاوەڕوانی ئەگەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تر لە ئێرانن. ئەرگەرچی بزووتنەوەکە بە ڕواڵەت ئەو جۆش وخرۆشەی پێشووتری نەماوە، بەڵام وەک زەریایەکی قووڵ و بەرین، لەسەرەخۆ و بە بێدەنگی خەریکە بناغەکانی ژیان لەم وڵاتەدا بە تەواوی دەگۆڕێت. لە سەروبەندی یەکەمینساڵیادی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا، چاوخشاندنێک بەسەر دەستکەوتەکانی تا ئێستایدا دەتوانێت ڕێگایەکی ڕوونتر بخاتە بەردەم هەڵسووڕاوان و ئەو جەماوەرە خەباتکارەی کە لەپێناو جیهانێکی باشتردا تێدەکۆشن و عەزمیان جەزم کردووە کە جێگە و پێگەی ئێرانێکی مودێڕن و پێشڕەو لە ناوچەکە و جیهاندا دیاری بکەن. ئاشکرایە کە ئاوڕدانەوە لە دەستکەوتەکان بە مانای چاوپۆشیکردن لە گرفت و ئاڵەنگارییەکانی سەر ڕێگا و کۆسپە بەرفراوانەکانی بەردەم پێشڕەوی و هەڵسەنگاندنی هەڵە و ئەزموونەکانی ئەم شۆڕشە نییە. دەتوانرێت ئەم بەشە لە دەرهاویشتەیەکی تردا قەزاوەتی لەسەر بکرێت.

یەکەم - ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا شۆڕشێکی فەرهەنگیی بە تەواومانای لە کۆمەڵگادا پێکهێناوە. یەکێک لە گرینگترین دەرکەوتەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە دوای بزووتنەوەی مەهسا، بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە ئایین و توورهەڵدانی حیجابی زۆرەملێ لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا و لەوانەش لە ناوچە نەریتی و شارۆچکەکان و ناوچە نەریتییەکانی باشووری تاران. بەڵام مەسەلەکە لە داپۆشینی قژ و پرسی حیجاب تێپەڕیوە. بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو ئاستەکاندا پاشەکشەی بە دیاردەی پیاوسالاریی کردووە و پێگەی ژنانی لە کۆمەڵگا و لەناو بنەماڵەدا بەرزکردووەتەوە. شۆڕشی ژینا «نا»یەکی گەورەی بە دەسەڵاتی ئایینی وتووە و ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا. شۆڕشی فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێر و خۆڕاگری وڵات، نە تەنیا پرسی ئاوێتەبوونی ئایین و حکوومەتی بردووەتە ژێر پرسیار، بەڵکوو ئامانجی ئەوەیە کە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە بوونی شەریعەت لە یاساکاندا بهێنێت و سیکۆلاریزمێکی مۆدێرن و لە خوارەوە لە کۆمەڵگادا دابمەزرێنێت. لە زۆربەی ناوچەکان ڕێژەی تاوانکاریی ٦٠٪ کەم بۆتەوە. بزووتنەوەی مەهسا و ئەو گۆڕانکارییانە هومێدی خەڵکی بە ژیان و داتوویەکی باشتر، بەرزکردووەتەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی ئومێدەواری و هاوپشتی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە فاکتەرە زۆر گرنگەکانی کۆمەڵگا کە ڕێژیمی بەڕادەیەکی زۆر نیگەران و هەراسان کردووە.

دووەم - بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا پرسی نەتەوەییشی کردووەتە بابەتێکی سەراسەری و هەستی هاوسۆزی و هاوخەباتی نەتەوەیی تا ئاستێکی بەرچاو بەرز بەرزکردەوە. ئێستا پرسی نەتەوەیی بەستراوەتەوە بە پرسی ژنان و جیایی دین لە دەوڵەت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە و گرێدانی پرسی نەتەوەیی بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و پرسە سەرەکییەکانی خەباتی جەماوەر، جۆرێک لە هاوپشتی و هاوسۆزی درەوشاوەی لە وڵاتدا پێکهێناوە. ئێستا ئیتر خەبات لەپێناو مافی یەکسان بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی نەتەوەیی، ئایینی، جنسی و جێندەری و فەرهەنگی و چینایەتی، بابەتێکی جێکەوتوو و قبووڵکراوە. ئەم پێشهاتە گەورەیە گورزێکی قورسی لە هەردوو «شۆڤێنیستە دەسەڵاتخوازەکان» و «ناسیۆنالیستە بیرتەسکەکان» داوە. پێکهێنانی هاوپشتی سەراسەریی و نەتەوەیی و هەروەها بایەخدان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ستەم لێکراوەکان و ئومێدەواربوون بە شکڵگرتنی پێکهاتە یەکسانیخوازەکان و پێکهاتنی یەکێتییەکی دڵخوازانەی نێوان هەموو گەلانی نیشتەجێی وڵات، دەکرێ بە دووەم دەستکەوتی گرنگی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەژمار بکرێت.

سێیەم- ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا ئەگەرچی دەسپێک و سەرەتایەکی بە گڕوتینی بووە پایەکانی دام و دەزگای حکوومەتی ئیسلامی لەرزاند، بەڵام لە ڕێڕەوی خۆیدا لە هەوڵی ڕووخاندنێکی خێرا تێپەڕی و ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەمەلایەنەی گرتەبەر. ئێستا ئیتر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە خەریکن بە ئارامی و شێلگیرانە شۆڕشێکی بە تەواومانا بەرەوپێش دەبن، بیر لە بنیادنانی سبەینێیەکی باشتر دەکەنەوە. لەم یەکساڵەی ڕابردوودا بەیەکەوە پەیوەستبوونی خەباتی ئازادیخوازانە و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لەگەڵ خەباتی ئابووری و داواکاریی و بژێوی، بەڕادەیەک بەهێز بووە کە داواکارییەکانی وەک کاری شەرافەتمەندانە و لانیکەمی هەقدەستێکی واقیعی، خوێندنی بێبەرامبەر، چاودێری تەندروستی، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و هەرزان، بیمەی کۆمەڵایەتی و گشتگیر، بووەتە داواکارییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی خەڵک. ئێستا بۆ یەکەمین جار لە خەباتی چل ساڵەی ئەم دواییەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا، شاهیدی بەیەکەوە گرێدرانی خەباتی سیاسی و فەرهەنگی لەگەڵ خەباتی ئابووریی و چینایەتین. ئەم دۆخە پرسی حکوومەتی بەدیل و سیستەمی جێگرەوەی خستووەتە کارنامەی خەباتی خەڵکەوە. ئەم بابەتە سەرەکییەیە کە نەبەردی جەماوەر و حکوومەتی کردووە بە نەبەردێکی ئامانجدار و درێژخایەن. ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران بیر لە سبەی ڕۆژی ڕووخاندنیش دەکەنەوە و لەم ڕووەوە هەروا بە ئاسانی بەشوێن بەدیلێکی دەستکرد و ڕواڵەتی ناکەون. ئەمەش بە واتای پێگەیشتوویی سیاسیی بزووتنەوەیەکە کە چیتر نایەوێت بەبێ هەبوونی بەرچاوڕوونی تەواو، پرسە سەرەکییەکە وەلابنێن و داهاتووی وڵات و دانیشتووانەکەی بخاتە مەترسییەوە.

چوارەم- سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» بەدیلەکانی بەرەی ڕاست و بۆرژوازیی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر خستووەتە پەراوێز و تا ڕادەیەکی زۆر کەمڕەنگ و ڕسوای کردوون. قورسایی بەرچاوی مەیلی زۆرێک لە ڕوناکبیران لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئاخێزی ژینا بەرەو بەدیلەکانی ڕاست و تەنانەت ئەو سەڵتەنەتخوازانەش کە لەلایەن میدیا زەبەلاحەکانی ئیمپریالیستەوە پشتیوانی دەکران، نیشانیدا کە ئەو بەدیلانە تا چ ڕادەیەک بەشێوەی دەستکرد و بە ناهەق بەرجەستە کرابوونەوە. بەڵام تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەردا ڕواڵەتی درۆینەی ئەوانی بەتەواوی ئاشکرا کرد. ئێستا ئیتر سەڵتەنەتخوازان و ڕەزا پەهلەوی لە نێو بەدیلەکانی تردا بوونەتە یەکێک لە ئەڵتەرناتیڤەکان و زۆرێک لە هۆگران و لایەنگرانی ئەوان، خێوەتی پاشایەتییان بەجێهێشتووە. ڕێکخراوی موجاهدین، وەک بەدیلێکی دیکە کە لەلایەن زلهێزە دەرەکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن، بۆتە کارتێکی سووتاو. ئەم ڕێکخراوەیە نەک هەر ناچار بووە بەبێدەنگی و بەبێ هیچ پاساو و ڕوونکردنەوەیەک پاشگری ئیسلامی لە «کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی»، بسڕنەوە، بەڵکوو لە ئێستادا تەنانەت دەبێت بۆ هێشتنەوە و پاراستنی ئۆردوگاکانیشیان لە ئەورووپا، چاوەڕوانی فەرمانی هێزە باڵادەستەکان بن. تەنانەت ئەڵتەرناتیڤەکانی کۆماریخوازەکانیش لە بەرامبەر داخوازییە چینایەتییەکانیانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لەگەڵ کێشەی جیددی بەرەوڕوو بوونەتەوە. زۆرێک لەوان داواکارییەکانی وەک خوێندنی بێبەرامبەر، چاودێری تەندروستی و هتد... دەکەن و لەئاست داواکاریی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیر لام تا کام هیچ شتێک ناڵێن و هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ستەم لێکراوەکانیش بە شێوەیەکی شەرمنانە و تەنها لە بژاردەیەکی وەک ناسەنتەریدا کورتی دەکەنەوە. ئاشکرایە کە تێڕوانینێکی لەو شێوەیە پێگەی ئەوان وەک ئەڵتەرناتیڤێک لە ڕوانگەی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەردا دەخاتە ژێر کاریگەرییەکی جیددییەوە. تەنانەت سەرەڕای گەشە و پەرەسەندنی خەباتی ئابووریی و چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەروەها مەیلی ئەوان بەرەو دروشمەکانی ڕەوتی چەپی کۆمەڵگا، تەواوی ئەو ڕەوتە چەپانەی کە هێشتا هیوایان بە مۆدێلە شکستخواردووەکانی ئەو حیزب_دەوڵەتە بۆرژوازییانە هەیە کە لە ژێر ناوی سۆسیالیزمدا بوونیان هەیە، نەیانتوانیوە و ناشتوانن جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆ لەناو خەڵکدا بەدەست بهێنن. لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە لەسەر ئاڵاکەی خۆی دروشمی ئازادی و دێموکراسی و بەهێزبوونی جەماوەری لەخوارەوە، نووسیوە و گرینگی نەدانی ئەم بەشەی چەپ بەرامبەر بە دروشمی دێموکراسی، ڕۆڵی ئەوانی لەم شۆڕشەدا تاڕادەیەکی زۆر کەم کردووەتەوە و وایکردووە کەمترین کاریگەرییان هەبێت. لەم ڕووەوە لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕووکردنی ئەو بەدیلانەش کە لەم شۆڕشەدا تەنیا لە ئاستی گەنگەشەدا بوون، چوارەمین دەستکەوتی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە.

پێنجەم- ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا و حزووری بەردەوام و بەشێنەیی خەڵک و پێداگریی شێلگیرانە لەسەر داواکارییەکانیان، سەرەڕای سەرکوتگەرییەکی هەوسارپچڕاوانە و لە ڕادەبەدەر وەحشیانەی دەسەڵات، پایەکانی دەوڵەتی دینیی تێکشکاندووە. هێزەکانی پارێزەری نیزامی ئیسلامیی تووشی پرشوبڵاوی کردووە و دوودڵی لەناو ڕیزەکانی ئەو هێزەدا درووستکردووە و کەلێن و ناکۆکی قووڵ و ئاشکرای خستووەتە ناو لایەنگران و داکۆکیکارانی کۆماری ئیسلامی. ئێستا ئیتر تەنیا کەمینەیەکی ڕێکخراو و بناژۆخواز و تا سەر ئێسقان کۆنەپەرست و پشتبەستوو بە هێزی چەک، لایەنگری ئەم نیزامەیە کە لە ناوخۆیدا ڕزیوە و لە بیر و زەینی خەڵکیش دا بە زبڵدانی مێژوو سپێردراوە. ئێستا ئیتر تەنانەت داکۆکیکارانی هەتا دوێنێی ئەم نیزامەش بە گۆشت و پێستیانەوە هەست بەم ڕاستییە دەکەن و بەردەوام هۆشداریی دۆستانە و مەسڵەحەت ئامێز دەدەنە «ڕێبەری نیزام». ئێستا زۆرێک لە هێزەکانی ناوخۆی ڕێژیم باس لە «ڕووخانی ڕژیم. بە دەستی خودی بەرپرسانی ڕژیم» و «لەبەریەک هەڵوەشانەوە» و «تەقینەوەی توڕەیی خەڵک» و شۆڕش دەکەن و لەم بابەتەوە زۆر نیگەرانن. هەروەها ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتیش بە خەیاڵی خاوی خۆی پێیوایە کە دەتوانێت، بە زەبری چەک و بە یارمەتی کەمینەیەکی هار و دڕندە و بێبەزەیی، بەبێ وڵامدانەوە بە لانیکەمی ویست و داخوازییەکانی خەڵک و گرینگیدان بە داواکارییە ئازادیخوازانە و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی جەماوەر، بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتە مسۆگەر بکات. لە ڕاستیدا پێکهێنانی کەلێن و ناکۆکی لەناو ڕیزی هێزە داکۆکیکار و پارێزەرەکانی کۆماری ئیسلامی و تاریک کردنی داهاتووی ئەو دەسەڵاتە، یەکێکی ترە لە دەستکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە.

شەشەم- ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا و دوورئەندێشی جەماوەر لە پێشخستنیدا، ئەو وانەیەی فێری زلهێزە دەرەکییەکان کردووە کە ئێران نە لیبی و نە عێراق و نە سورییە و نە ئەفغانستانە. هەموو نەخشە و پلانی هێزە هەژموونخوازەکانی بۆ هێنانی هێزە هاوپەیمانە ڕاهێنراوەکان بەمەبەستی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی خەڵکی ئێران لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێگەیشتوویی بزووتنەوەیەک کە دەزانێت چی ناوێت و خەبات لەپێناو چیدا دەکات. ئەم بابەتە تاڕادەیەکی زۆر زلهێزە دەرەکییەکانی سەبارەت بە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران هۆشیار کردووەتەوە و لەسەر بنەمای ئەم بارودۆخە پاشەکشەکانی حکوومەتی ئیسلامیش بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن. وتوێژ و دانووستانی زلهێزە دەرەکییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بە ئەندێشەوە هەڵسوکەوتکردنیان نیشان دەدات کە ئەوان دەزانن ئەمە بزووتنەوەیەک نییە کە بتوانرێت یاری پێبکرێت. جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی لەلایەن ئەم بزووتنەوەیەوە، پێویستە وەک دەستکەوتێکی دیکەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەژمار بکرێت. ئاشکرایە کە داواکاری و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا، جەختکردنەوەی لەسەر مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، سیکۆلاریزمی ڕادیکاڵ لە خوارەوە، جیایی دین لە دەوڵەت و نەهێشتنی ڕۆڵی شەریعەت لە یاساکاندا و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی ئایینی فەرمی، پێداگریی لەسەر داواکاری ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگیر و هەمەلایەنە لەگەڵ بارهێنان، بێهداشت و دەرمانی بەخۆڕایی، بەشێوەی پۆزەتیڤ مامەڵەکردن لەگەڵ ویست و داواکاریی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و هەنگاونان بەرەو ئەو پێکهاتە حکوومەتییانەی کە یەکێتی دڵخوازانە گەرانتی بکات و سەرەنجام بنیادنانی ئێرانێکی سەربەخۆ و دێموکراتیک و خاوەن دانیشتووانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشبژێو، کاریگەریی ئاشکرای لەسەر دۆستەکانمان لە وڵاتەکانی دراوسێمان دەبێت. گومان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و زلهێزە هەژموونخوازەکانیش سەبارەت بە ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە هەست بە مەترسی دەکەن. ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران پێویستە زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە چۆنیەتی ڕێگای بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەریی لە ناوچەکەدا، بکۆڵێتەوە.

شەممە ١٨ی خەرمانانی١٤٠٢ / ٩ی سێپتامبری ٢٠٢٣

****

# ڕاگەیاندن بە بۆنەی چلەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



ئەمڕۆ شەممە ١١ی خەرمانانی ١٤٠٢ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێ دەنێتە چلەمین ساڵی دامەزرانی خۆیەوە. لەم ڕۆژەدا، یاد و بیرەوەری ئەو خەباتکارانەی کە لەناو ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا، لە زیندان و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکاندا، ئێعدام و تیرباران کران، یان لە سەنگەرەکانی خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان و لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، گیانی ئازیزیان لە پێناوی ڕزگاری ئینسانی چەوساوە و ستەملێکراو فیدا کرد، ڕێز لێدەگرین و دروود و سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزەکانیان. هەروەها لەم ڕۆژەدا ڕێز لە خەبات و خۆڕاگری کرێکاران و کۆمۆنیستە بەندکراوەکان و هەموو بەندکراوانی سیاسی دەگرین کە بۆ دیفاع لە باوەڕ و بەرنامە و ئامانجەکانیان، بەرەنگاری ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی بوونەتەوە و لە نامرۆڤانەترین باروودۆخدا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر دەبەن. بە هیوای ئەوەیکە خرۆشی خەبات و ناڕەزایەتیی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەملێکراو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەختی دەسەڵات بێنێتە خوار و هەموو بەندکراوانی ئازادیخواز سەرکەوتوانە و بە بزەی خۆشی لەسەرلێو، بگەڕێنەوە ناو باوەشی ئازیزانیان.

چلەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کاتێکدایە کە سیستەمی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی لە گێژاوی قەیرانێکی پێکهاتەییدا گرفتار بووە و لە ئێرانیش بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادایە کە فاکتەری یەکگرتووبوونەکەی دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی" و ڕەمزی ئەو بزووتنەوەیە ژینایە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەموو تواناییەکانی خۆی بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی ئەم شۆڕشە و بەدیهێنانی ئەم دروشمە بەکار دەهێنێت. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ دامەزراندنی حکوومەتی شۆڕایی و بەدیهێنانی ئازادی و سۆسیالیزم لە ڕێگەی ڕێکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، تێدەکۆشێت. سۆسیالیزم ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی گشتی لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگادا دەخاتەگەڕ. بە دەرهێنانی دەسەڵات لە دەست چینی سەرمایەدار، پێگەی ئیمتیازاتی ئابووری و کۆمەڵایەتییان وەک چینی دەسەڵاتدار لێ دەستێنێتەوە و دەیانکاتە هاووڵاتییەکی ئاسایی کۆمەڵگا، سۆسیالیزم بەرهەمهێنان نەک بەمەبەستی قازانج، بەڵکوو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە بەرچاو دەگرێت. سۆسیالیزم، لەبری دیکتاتۆریی سەرمایە بەسەر ئابوریی کۆمەڵگادا و میتۆدە بڕۆکراتیکەکانی، پلانی عەقڵانی، دێموکراتیک و لەسەر بنەمای بەشداریکردن و بڕیاردانی هۆشیارانە و ئازادانەی جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی، دەکاتە بنەمای کارەکانی. سۆسیالیزم لەبری ئەو سیستەمەی کە لەسەر چەوساندنەوەی زۆرینەی کۆمەڵگا لە لایەن کەمینەیەکەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستی خۆیاندا قۆرخ کردووە، داوای کاری گشتگیر و بەشداریکردنی گشتگیر و بەهرەمەندبوونی گشتگیر دەکات. چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە کۆتایی دێت. ئامانجی سەرەکی سۆسیالیزم بریتییە لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هەموو دانیشتوان و پاڵپشتی و چاوەدێریی منداڵان و بەساڵاچووان و نەخۆشەکان بەوپەڕی ڕێز و ئیحترامەوە. سۆسیالیزم گەشە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەخاتە خزمەت بەختەوەری و دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ و یەکێکی تریش لە بەرنامەکانی بریتی دەبێت لە کەمکردنەوەی سەعاتی کار. سۆسیالیزم دیواری بەرزی دابەشکاریی لەسەر بنەمای کۆیلەیی چینایەتی ئێستا دەشکێنێت و بۆ یەکەمجار ئیمکانی واقیعی بۆ پەروەردەی دڵخواز و کاری دڵخواز بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵک پێکدەهێنێت. کۆمەڵگایەکی کە تیایدا چیتر خەمی دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە و ئاڵەنگارییەکانی، نابێتە مۆتەکەی ژیانی مرۆڤەکان: "لە هەرکەس بەپێی تواناییەکانی و بۆ هەرکەس بەپێی پێویستییەکانی" حاکم دەبێت. سۆسیالیزم ئەو کۆمەڵگا خاوەن چین و ئیمتیازاتە چینایەتییەی کە لەسەر بنەمای لەخۆ بێگانەبوون و لاوازیی و تاکگەرایی مرۆڤەکان دامەزراوە و هەروەها ئەو ئایدۆلۆژیا و خورافاتانەی کە پاساوی دۆخەکەی پێدەکەن، دەخاتە مۆزەخانەی مێژووەوە و لە جێی ئەودا کۆمەڵگەیەکی ئازاد کە تیایدا گەشەی ئازادی هەر تاکێک مەرجی گەشەکردنی ئازادیی گشتی بێت دادەمەزرێنێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئەوپەڕی ئامانجەکانی و بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم ئازادییە دێموکراتیکەکان، لەوانە یەکسانی نێوان ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە ستەم لێکراوەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان و هتد... خەبات دەکات. هەموو مێژووی شۆڕشەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە تەنیا بە هێزی هۆشیاری، یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون و حیزبی جەنگاوەری چینی کرێکار مومکین دەبێت. لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا پتر لە هەرکاتێک پێویستی هەبوونی ناوەندێکی ڕێبەرایەتی سەرتاسەری بە مەبەستی ئاراستە کردنی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداریی، بەرجەستە کردۆتەوە. ئەم ناوەندە دەبێ حیزبێکی کۆمۆنیستی یان حزبگەلێکی کۆمۆنیستی گرێدراو بن کە لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی زانستی بەڕۆژکراوەی سەدەی بیست و یەکەم، ئینتەرناسیۆنالیست، گەش بین، غەیرە سێکتاریست و خاوەن بەرنامە و سیاسەتێکی ڕوون، بەمەبەستی ڕێکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بێبەش و ستەمدیتوو لەپێناو ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ئێراندا. ئێستا کۆماری ئیسلامی دوای چوار دەیە لە گێژاوی ناکۆکییەکانی خۆی و لەژێر گورزی خەباتی جەماوەری و شۆڕشی ژینادا گەیشتۆتە لێواری هەڵدێر. زەمینەیەک ڕەخساوە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شانبەشانی کۆمۆنیستەکان، کرێکارانی وشیار، ژنانی ئازادیخواز، دادخوازانی بوێر و سەرجەم ئازادیخوازان لە ئاستی سەراسەریدا، بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەڵبستێت.

***

# ترس لە کۆمەڵگای ئێراندا مانای نەماوە

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)

یەکەم_ خەرمانان یەکێکە لەو مانگانەی کە تێیدا هەم شاهیدی جینایەتی بێ سنووری کۆماری ئیسلامی و هەم خەبات و خۆڕاگریی سەربەرزانەی خەڵکی مافخواز بووین. ڕووداوێکی کەم وێنە و دەگمەنی وەک شۆڕشی ژینا کە چەخماخەکەی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە لێدرا، ساڵی ڕابردوو لەم مانگەدا دەستی پێکرد. ٣٥ ساڵ لەمەوبەر و لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧دا، ڕژیمی ئیسلامی جینایەتێکی خوڵقاند کە نیشانەی ئەوپەڕی دڕندەیی و دژە ئینسانی بوونی ئەو ڕژیمەیە. خومەینی و ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی، لەوانە ڕەفسەنجانی، خامنەیی و هتد... کە نیگەرانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی نارەزایەتی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوون لە دوای شکستی سەرشۆڕانەی ڕژیم لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا، بە ئامانجی چاوترسێن کردنی خەڵکی بێزار و وەگیانهاتوو لە دەست شەڕ و نەهامەتی و باری خراپی ئابووری، پلانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییەکانیان دارشت. کۆمیسیۆنی مەرگ، لە نەیری، قازی شەرع، ئیشراقی، داواکاری گشتی تاران و مووسەوی ئەردەبیلی، داواکاری گشتی وڵات و ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێستای وڵات و داواکاری گشتی ئەوکاتی هەمەدان و کەرەج، پێکهێنرا و تەنیا لە مانگی گەلاوێژدا بە هەزاران ئەندام و لایەنگری سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێرانیان ئێعدام کرد. پرۆژەی کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران، لە ڕۆژی هەینی ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧، واتە تەنیا ڕۆژێک دوای خواردنەوەی جامی ژەهر و قبوڵکردنی ئاگربەست لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، بە فەرمانی خومەینی ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی، دەستی پێکرد. دوای ئەوەی کۆمیسیۆنی مەرگ ڕاپۆرتی مەئموورییەتی جینایەتکارانەی مانگی گەلاوێژی خۆیان لە زیندانەکاندا بە خومەینی دا، فەتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانیشیان لێوەرگرت و لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی خەرماناندا بەربوونە گیانی ئەو مرۆڤە ئازادیخوانەی کە دڵیان کەیلی هومێد و خۆشەویستی بوو بە ئارمانی بەرزی ڕزگاریی مرۆڤی چەوساوە و ستەمدیتوو. دارەکانی سێدارە ئامادە کران و زیندانییە ئارمانخوزەکان بە وتنی "نا" بە جەلادەکان، بە پەتی سێدارەکانەوە هەڵواسران و مۆرکی شەرمەزاریی مێژوویان لە ناوچاوانی بکوژەکان دا. هەزاران زیندانی خەباتکار و خۆڕاگر، دارەکانی سێدارەیان ماچ کرد، بەڵام لەبەرامبەر جینایەتکاراندا سەربەرزانە ڕاوەستان و کڕنۆشیان نەبرد. بە پێی زۆرێک لە ڕاپۆرت و زانیارییەکان، لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا هەزاران زیندانیی سیاسیی لەم جینایەتە نامرۆڤانەیەدا بە هۆی مانەوە و سووربوون لەسەر بیر و باوەڕەکانیان، گیانیان لەدەستدا. کۆماری ئیسلامی دوای ٤ی مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵ، بنەماڵەی قوربانیانی لە مەرگی ڕۆڵەکانیان ئاگادار کردەوە و دوای ئەوە ئیتر خەڵکی ئێران لەو جینایەتە دژی ئینسانییەی ناو سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامی، ئاگادار بوون. ڕژیم پاش ئەو جینایەتە هەزاران زیندانی ئێعدامکراوی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی خاوەراندا بە خاک سپارد، بەڵام ئەم پرۆژەیە هاوکات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و لەوانە کوردستانیش بەڕێوەچوو. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ نەک تەنیا یەک گوڵزاری خاوەران، بەڵکوو پێویستە یادی چەندین خاوەران لە سەرتاسەری ئێران بەرز ڕابگرین. بەرپرسانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی تەنانەت تا ئەمڕۆ ڕێگری لە چوونی دایکانی جگەر سووتاو دەکەن بۆسەر گڵکۆی ئازیزەکانیان. کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بڕیاردەران و بەڕێوەبەران و ئەو کەسانەش کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دەستیان لەو جینایەتە نامرۆڤانەیەدا بووە، نە فەرامۆش دەکەن و نە لێیان خۆش دەبن. بوونی ئەو جینایەتپیشانە لە لوتکەی ئەم دەسەڵاتەدا ئەوە دەردەخات کە ئەگەر خەڵک دەرفەتێکیان پێبدات، هەمان ئەو ڕێگایە دەگرنەبەر کە خومەینی بە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و گەیاندنی بە لوتکە لە ساڵی ٦٧دا نیشانی دان. سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئێستای وەلایەتی فەقیە و دامودەزگاکانی ژێر فەرمانی ئەو، لەسەر بنەمای ئەو لێدوانەی ڕێبەری ڕژیم کە دەڵێت "خودای ئەمساڵیش هەمان خودای دەیەی شەستە"، درێژەی هەمان ئەو سیاسەتە جینایەتکارانەیە کە کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی هاوینی ١٣٦٧ی لێکەوتەوە. ئەم سیاسەتە دزێوانە بە قەتڵە زنجیرەییەکان دەستیپێکرد و بە تیرۆرکردنی نەیارانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەردەوامی پێدرا و بە کوشتاری گەنج و لاوەکانی خەڵک لە بزووتنەوەی دژە سەرەڕۆیی ساڵی ١٣٨٨، بەفرانباری ٩٦ و ئابانی٩٨ و هەروەها نیوەی دووەمی ١٤٠١ درێژەی پێدرا. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و جینایەتپیشە ئەم خاڵە بنەڕەتییەیان فەرامۆشکردووە کە ئەگەر لە دەیەی ٦٠دا بەشێکی زۆری خەڵک هێشتا بە باشی هۆوییەت و جەوهەری ڕژێمیان نەناسیبوو و تەنانەت هەندێکجار کەم و زۆر پشتیوانییان لە تاوانکارییەکانیان دەکرد یان لە ئاستیدا بێ هەڵوێست بوون، ئەمڕۆ ئیتر خەڵک بە تەواوی پشتیان لەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە کردووە و بەوپەڕی هەستیارییەوە کاردانەوەیان هەیە بەرامبەر بە خوێنی هەر لاوێکی ئەم وڵاتە. ئەم بابەتە وایکردووە جگە لەوەی کە دەسەڵات نەتوانێت وەک هەمیشە هەوسارپچڕاوانە ئەسپی خۆی تاو بدات، سەبارەت بە شەپۆلی بێزاری و تووڕەیی جەماوەریش زۆر نیگەران بێت. سەرەنجام ئەو ڕۆژە دادێت کە بەرپرسانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای عادڵانەی جەماوەری ئازار چێشتووی ئێراندا دەکەونە ژێر لێپرسینەوە و ڕازە شاراوە و سەربەمۆرەکانی جینایەتە بێ ئەژمارەکانیان هەرچی زیاتر ئاشکرا دەبێ و سزای شایستەی خۆیان وەردەگرن. یادی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی ساڵی ٦٧ و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤایەتی، بۆ هەمیشە زیندوو و پیرۆزە.

دووەم_ بە بۆنەی یادی ٣٥ ساڵەی کۆمەڵکوژیی هەزاران زیندانیی سیاسیی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ و نزیکبوونەوە لە یەکەمین ساڵڕۆژی کوشتنی بە ئەنقەستی ژینا (مەهسا) ئەمینی لەلایەن مەئمووورانی ڕژیمی ئیسلامییەوە و هەروەها بە بۆنەی ٢٥ی خەرمانان ساڵڕۆژی دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا، کۆمەڵێک چالاکیی بەربڵاو لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەستی پێکردووە. لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوە مەدەنییەکانی ناوەوەی وڵات چەندین بانگەواز بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئاکسیۆن و چالاکیی جۆراوجۆر، بڵاوکراوەتەوە. لە کوردستانیش حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چالاک لەم ناوچەیە، ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنن و داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە لەم ڕۆژەدا بەمەبەستی هاوڕایی و پشتیوانی لە بنەماڵەی دادخوازان، لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان کۆببنەوە و یاد و بیرەوەرییەکانی فیداکاریی و خۆڕاگریی ئەو ئازیزانە بەرز ڕابگرین. لە دەرەوەی وڵاتیش هەوڵی بەربڵاو لە ئارادایە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە شکۆدارە. کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان و حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و ڕێکخراوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان هەوڵیانداوە بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئاکسیۆنەکان بگەنە هەماهەنگییەکی هاوبەش. لە زۆربەی شارە گەورەکانی وڵاتانی ئەورووپا و سکاندیناڤیا کۆبوونەوەی گەورە و بەربڵاو بەڕێوەدەچێت. لەوانە لە وڵاتی ئەڵمان لە شارەکانی هانوفێر (وەک خۆپیشاندانێکی ناوەندی)، فرانکفۆرت، کۆڵن، برلین و هامبۆرگ، لە فەڕانسە، شاری پاریس، لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ، لە هولەند شاری ئامستردام، کۆپنهاگن لە دانیمارک، لە شاری هێلسینکی فینلاند، سوئێد لە ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری و لەندەن لە وڵاتی ئینگلستان، هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان پێکهێنەر و ڕێکخەری سەرەکی ئەو چالاکییانەن. هەر لەم پێوەندییەدا ڕەوت و لایەنە ڕاستەکانیش لە هەوڵی ئەوەدان کە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و خۆپێشاندان بەڕێوە ببەن. بەڵام دوای شکستی پرۆژەکانی وەک "مەنشووری مەهسا" و "وەکالەت" و ئەو کاریگەرییە نیگاتیڤەی کە لەسەر بزووتنەوەی ژینا و هەوڵدان بۆ سڕینەوە و بەلاڕێدا بردنی داواکارییە ڕادیکاڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەرەوەی وڵات هەیانبوو، کەمترین تواناییان هەیە بۆ هەڵخڕاندن و کۆکردنەوەی جەماوەر. یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئاخێزی ئەم دواییە بریتی بوو لە ئاشکرا کردنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕەوت و لایەنانە بۆ زۆربەی هەرەزۆری ئەو جەماوەرەی کە لە سروشت و مێژووی ئەوان بێ ئاگا بوون.

سێیەم - لە سەروبەندی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندندا شەپۆلێکی دیکەی پاکتاوکردن و دەرکردنی مامۆستایان و بیرمەندانی بەدەروەستی زانکۆکانی ئێران دەستیپێکردووە و لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا ناو و شوێنی وانەوتنەوەی ١١٠ کەس لەو مامۆستایانەی کە بە فە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی لە زانکۆکان و پرۆسەی پەروەردە و بارهێنان دوورخراونەتەوە، بڵاوکراوەتەوە. ژمارەی مامۆستایانی لەسەرکار لابراو لە زانکۆی ئازاد، تاران، زانستە پزیشکییەکانی تاران، زانکۆکانی عەلامەی تەباتەبایی و بەهەشتی، زانکۆی فیردەوسی مەشهەد و زانکۆی باهونەری کرمان، هەریەکەیان بە ٣ حاڵەت، زۆرترین ڕێژەی دوورخستنەوەی مامۆستایان لەم ماوەیەدا هەبووە، زانکۆکانی کوردستان، زانکۆی ئیسفەهان، زانکۆی سەنعەتی شەریف و زانستی پزیشکی بابول، هەریەکەیان بە ٢ حاڵەت و زانکۆکانی گیلان، شیراز، مازەندەران، زانستە پزیشکییەکانی کرماشان، جەهروم، حەکیم سەبزەواری و زانستە پزیشکییەکانی تەورێزیش، زۆرترین فەرمانی هەڵپەساردن و دوورخستنەوەی کاتی و قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوە و بڕانی مووچەی مامۆستا و کۆتایی هێنان بە هاوکاری و خانەنشین کردنی زۆرەملێیان، بۆ دەرچووە. ئەم زەخت و گوشارانە بۆسەر زانکۆکان دووبارەبوونەوەی هەمان سیاسەتی شۆڕشی فەرهەنگیی سەرەتاکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. بە واتایەکی تر "شۆڕشی فەرهەنگیی" میحوەرێکی دیکەی سیاسەتی سەرکوتی ئیدئۆلۆژیک و بە قەولی خۆیان "پاککردنەوەی زانکۆ" لە بیر و هزری ئەمرۆیی و زانستی و دژە خوڕافییە. لەو سەردەمەدا بە پێی فەرمانی خومەینی، وەلی فەقیەکانی سەردەم، بە داخستنی دوو ساڵی زانکۆکان لە سەرانسەری وڵات، ئەو ناوەندە زانستیانەیان لەو خوێندکار و مامۆستایانەی کە لەخۆیان نین پاککردەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم "پاکسازییە" بەربڵاوە، لە چەند دەیەی ڕابردوودا، زانکۆکان سەرلەنوێ بووەنەتە گۆڕەپانی بەرەوڕووبوونەوەی نێوان زانست و خوڕافات. بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵی ١٣٧٨ سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی نوێی خوێندکاران بوو لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی کە لەگەڵ سەرکوتی خوێناوی زانکۆ و دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی خوێندکاران بەرەوڕوو بووەوە. لەو کاتەوە تائێستا زانکۆ هەرگیز ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە. هەوڵی ڕژیم بۆ "یەکخستنی حەوزە و زانکۆ" لەگەڵ شکستێکی سەرشۆڕانە بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوان بێهودە خەیاڵیان دەکرد کە گۆیا دەتوانن ئاشتی و هاوئاهەنگی لە نێوان زانست و خوڕافاتدا درووست بکەن. هاوڕابوونی زانکۆکانی سەرتاسەری وڵات لەگەڵ ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەجۆرێک ئەم وەهمەی تێکشکاند کە ڕژیم ناچار بە کاردانەوەی توند و وەحشیانە بکات. دەرکردن، گرتن و زیندانیکردن، بانگهێشتکردن، هەڵوەشاندنەوەی وەرزەکانی خوێندن، پەروەندەسازی و دەرکردن لە بەشەناوخۆییەکان، ئەو سیاسەتەیە کە ڕژیم بەرامبەر بە زۆرێک لە خوێندکاران گرتویەتەبەر. ئێستا ئەم سیاسەتە بە دەرکردنی بەربڵاوی بەناو ئەو مامۆستایانەی کە لەخۆیان نین و جێگرەوەیان لەلایەن حیزبوڵڵاییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەوان پێیانوایە کە بە پێدانی بڕوانامە و نازناوی مامۆستا بەو بەسیجیانەی کە قاڵبووی ناو وەلایەتن، دەتوانن پێگەی زانستی مامۆستایانی بیرمەند پڕ بکەنەوە و مێشکی خوێندکاران بە خوڕافاتی دواکەوتووانە و سەدە ناوەڕاستی بشۆنەوە. ئەم هەوڵە بێهودەیەش گرێیەک لە گلۆڵەی ئاڵۆزکاوی دەسەڵاتی فاشیستی ناکاتەوە و زانکۆ وەک هەمیشە سەنگەری بەهێز و لەگیران نەهاتووی زانست و ئازادی دەمێنێتەوە.

چوارەم- ڕاپۆرتەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گوشارەکان بۆ سەر ژنان لە زیندانەکاندا پەرەیسەندووە. ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە پرسی زیندانیکردن و ئەشکەنجەی ژنانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی بوارە جۆراوجۆرەکانی تردا، بەشوێن ئامانجێکی دیاریکراو و ستراتیژیک و سیستماتیکەوەیە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زیندانیانی سیاسی ژن، بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بەشوێن چ ڕێبازێکی سیاسییەوە بوون، یان سەر بە چ ئاراستەیەکی سیاسی، مەزهەبی، نەتەوەیی و جێندەری بوون، ڕاکێشرانی ژنان بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسی، خۆڕاگرییان و یاخیبوونی ئەوان لەدژی فەرهەنگی پیاوسالاری و مەزهەبی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، بە هیچ شێوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی قبوڵکراو نییە لەبەر ئەوەی پرسی ڕزگاریی ژن بە شێوەیەکی گشتی لە ململانێیەکی ئاشتی هەڵنەگەر لەگەڵ جەوهەری ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە مەزهەبییەدا بووە و دەبێت. بەڵام ئەم فشارانە تەنیا بۆسەر زیندانیانی سیاسی ژن نەبوو. حەوتووی ڕابردوو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە لایەکەوە شاهیدی بەردەوامبوونی جینایەت و ئەشکەنجە و ئازاری زیندانیانی سیاسی بووین و لە لایەکی دیکەشەوە شاهیدی خۆڕاگری قارەمانانە و کەم وێنەی زیندانیانی خەباتکار لە زیندان و سیاچاڵەکانی ڕژیمدا بووین. مەرگی جەواد ڕۆحی یەکێک لە خەباتکارانی نارەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو، لوتکەی ئەم تاوانانە بوو. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا، "مەرگی جەواد ڕۆحی، لاوێکی نارازی کە بەشێوەیەکی نایاسایی و سەرەڕۆیانە دەستبەسەر کرابوو، بە نموونەیەکی ئاشکرای تر لە دەستدرێژی نامرۆڤانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بۆسەر مافی ژیان لە ڕەوتی پێشێلکردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤدا ناوبرد و جەختی کردەوە کە پێویستە پەروەندەی گیانلەدەستدانی ئەم زیندانییە نارازییە، " بەشێوەیەکی کاریگەر و سەربەخۆ" لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. مانگرتنی زیندانیانی سیاسی بەندی چوار کە تا ڕۆژی ١٠ی خەرمانان بەردەوام بوو، وەک نارەزایەتییەک بوو بەرامبەر بە کۆنترۆڵکردن و گوێگرتن و تۆمارکردنی دەنگی زیندانیان، هەروەها لەسەرەوەبوونی هەزینەی پەیوەندیی و خراپی کوالێتی پەیوەندییەکان و پچڕانی بەردەوامی هێڵەکانی تەلەفۆن. مانگرتووان بریتی بوون لە دوو ئەندامی زیندانیکراوی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحد بە ناوەکانی حەسەن سەعیدی و ڕەزا شەهابی و کۆمەڵێکی تر لە چالاکانی کرێکاریی و مامۆستایان و هەڵسووڕاوانی مەدەنی لەوانە، ڕەسوڵ بوداقی، جەعفەر ئیبراهیمی، سەعید مەدەنی، کەیوان موهتەدی، کامیار فەرکوور، ئارش جەوهەری، ئەحمەد ڕەزا حائیزی.، عەلی یۆنسی، ئەمیرحوسێن مورادی و ئەمیرسالار داودی. حکومەتی ئیسلامی پێیوایە کە بە کوشتنی دەستبەسەرکراوانی وەک کوشتنی بە ئەنقەستی جەواد ڕۆحی لە زیندانی نەوشەهر، بە دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی هەڵسووڕاوانی ژنان، چالاکانی سنفی، هونەرمەندانی جەماوەریی، ڕۆژنامەنووسانی بوێر، نووسەرانی بەناوبانگ و ئەندامانی بنەماڵەی دادخوازان، دەتوانێت فەزای ترس و خۆف بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. دەستبەرکردنی چەندین جارەی نازیلا مەعروفیان (ڕۆژنامەنووس)، دەستگیرکردنی جیلوە جەواهێری، فرووغ سەمیع نیا، مەتین یەزدانی، یاسەمین حەشدەری، زەهرا دادڕەس، زوهر دادڕەس، ئازاد چاوشیان، سارا جیهانی، هومەن تاهیری (چالاکانی مافی ژنان)، دەسبەسەرکردنی مێهدی یەراحی ( هونەرمەندی جەماوەری)، دۆرچی (ڕاپەر)، ئەمیر حسێن بیلالی (بەرپرسی سیاسی پێشووی ئەنجومەنی ئیسلامی پۆلیتلنیک)، حەسەن خەیرخاە (چالاکی مەدەنی لە شاری مەشهەد)، دەستگیرکردنی ئەندامانی بنەماڵەی گیانبەختکردوو حەنانە کیا؛ مەعسوومە ئازەری (دایک)، وەحید کیا (باوک)، هێلیا کیا (خوشک) و ئەمیر (دەزگیرانی حەنانە)، دەستگیرکردنی فەرهاد زارع، برای گیانبەختکردوو میلاد زارع، ڕێگریکردن لە چارەسەری پزیشکی بۆ جەعفەر ئیبراهیمی، ڕەزا شەهابی، داود ڕەزەوی، یان لەسەرکار دەرکردنی مامۆستایانی ناسراوی وەک سارا سیاه پور، فریبا نامی، بەهارە عەسکەریزادە، شیوا عاملی ڕاد، محەممەد سەعیدی ئەبوو ئیسحاقی، مەحموود میلاکی و عەزیز قاسم زادە، دەتوانێ بەر بە بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوەیە بگرێت یان ترس و خۆف بەسەر هەڵسووڕاوان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا زاڵ بکات. بەڵام خۆڕاگریی درەوشاوەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکاندا و نارەزایەتیی هەڵسووڕاوانی سنفی و مەدەنی و هونەرمەندان لە دەرەوەی زیندان و پشتیوانی بەربڵاوی جەماوەریی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات لەو بەندکراوانە، دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئەم هەوڵە نەزۆکانە، پتر لەوەی کە نیشانەی هێز و دەسەڵاتی حکوومەتی فاشیستی ئیسلامی بێت، گوزارشتە لە داماویی و بێدەسەڵاتی و ترسی ڕژیم لەو بزووتنەوەیەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ و ئاستێکی بەرلاوتر لەخۆ دەگرێت.

پێنجەم- دەستبەسەرکردنی مێهدی یەراحی، هونەرمەندێکی جەسوور، جەماوەریی و بەدەروەست کە گۆرانییەکی جوان و کاریگەری بە ناوی "سەرپۆشەکەت لادە" بۆ بانگهێشتکردنی ژنان بەمەبەستی بەردەوامبوون لەسەر بەرگریکردن لە مافی جلوبەرگی ئیختیاری، بڵاوکردووەتەوە. بە خێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ کاردانەوە و پێشوازییەکی کەم وێنەی هونەرمەندان و تێکۆشەرانی ناودار بەرەوڕوو بووەوە. هەواڵی ئەم دەستگیرکردنە زۆر زوو بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان. ئەم دەستبەسەرکردنە کە بۆ نیزامێکی ئایینی و سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانکراو بوو، پاڵپشتییەکی زۆری ئەم هونەرمەندە نارەزاییەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی لێکەوتەوە. سێپیدە قولیان، چالاکی کرێکاریی و یەکێک لە قارەمانانی ناوداری خۆڕاگریی لە زیندانەکاندا، ڕۆژی سێشەممە ٧ی خەرمانان، لەناو زیندانی ئێڤینەوە پەیامێکی ڕوو بە مێهدی یەراحی بڵاوکردەوە و بە "دەنگی گەل" ناوی برد. سێپیدە لە یاداشتەکەیدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا لەگەڵ دەنگی مێهدیدا ژیاوە. لە بەشێک لە پەیامەکەیدا نووسیویەتی: "من لەگەڵ دەنگی تۆدا ژیاوم یەراحی. هەوای زێدەکەم هەڵمژیوە، بە دەنگی تۆ بەرگەی دوورکەوتنەوە و دەربەدەریم گرتووە. هەربۆیە باش دەزانم ئەم کارە گەورەی تۆ نەک لە سەردەمی لە لووتکەدا بوونی بزووتنەوەکە، بەڵکوو لە سەردەمی لە لوتکەدا بوونی ستەم و سەرکەت و سەردەمی کپکردنی دەنگەکانی شۆڕشدا بەرهەمهات. لە کاتێکدا کە هەموو هەوڵەکانی دام و دەزگای سەرکوت ئەوە بوو کە ترس و بێدەنگی پەرەپێبدات، تۆ بێدەنگیت شکاند و ژیانی "ژن، ژیان، ئازادی"ت چڕی بۆ ئەوەی بیری هەموانی بخەیتەوە کە ژن، ژیان، ئازادی، نەک تەنها بەشێک و ساتێک نییە لە مێژوو، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی بەردەوامە."

شەشەم - ڕووبەڕووبوونەوەی فەرهەنگیی ژنان لەسەر پرسی حیجاب و پاڵپشتیی هونەرمەندانی جەماوەریی لێیان، بەرەوپێشبردنی نەبەردی خەڵک لە گەڵ ڕژیم بەشێوەیەکی بەردەوام و هەر ڕۆژە بەرەوپێش دەبات. ئەم نەبەردە بەردەوامە، تەنیا خەبات نییە لەدژی حیجابی زۆرەملێ، بەڵکوو خەباتێکە لە دژی ئاپارتایدی ئیسلامی، لە دژی دەوڵەتی ئایینی، لەدژی پیاوسالاری کۆنەپەرستانەی زاڵ و لە دژی ئایینی فەرمی و دەوڵەتی. ئێستا ئەم خەباتە فەرهەنگییە لە هەلومەرجی ژنانە بوونی هەژارییەوە بەستراوەتەوە بە خەبات لەپێناو بژێوی ژیان وەک سەرەکیترین پرسی کۆمەڵانی خەڵک. پرسی بژێوی ژیان لە هەلومەرجی پەرەسەندنی هەژاری و بە ژنانەتر بوونی ئەو پرسە لە ژێر هەڵاوسانی بێ سنوور و سەرکوتکردنی توندی حەقدەستەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە خەبات و نارەزایەتی خەڵک لە دژی هەڵاوسان، گرانی و دابەزینی بەهای دراوی وڵات، ببێتە خەباتێک کە تایبەتمەندی ئابووریی خۆی تێپەڕاندووە و بە کردەوە بووەتە خەبات لە دژی بوونی ئەو نیزامە ئیسلامییەی کە هەژاریی کردۆتە دیاردەیەکی جەماوەریی و پەراوێزنشینی پەرەپێداوە. لەم ڕووەوەیە کە خەون و خولیا فەرهەنگیی و ئابوورییەکان وردە وردە لێک هەڵدەپێکرێن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەبەردی خەڵک لەگەڵ ڕژیم ببێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوام و بەشێنەیی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەردەوام و بە شێنەییە دەتوانێت دەرفەتی پێویست بدات بە خەڵک بۆ ئەوەی خۆیان ڕێکبخەن و خەباتەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر بەرەوپێش ببەن و لە داهاتوودا بناغەکانی دەسەڵات لە خوارەوە بەهێزتر بکەن. ڕووبەڕووبوونەوەی بەربڵاو و بەشێنەیی خەڵک لەگەڵ حکوومەتی فاشیستی، نیشانی دەدات کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران چیتر کۆمەڵگەی دەیەی شەست نییە. ئەگەر "خودای ئەمڕۆ هەمان خودای دەیەی شەست بێت"، خەڵکی ئەمڕۆی ئێران هەمان خەڵکی دەیەی شەست نین. ترس لە کۆمەڵگای ئێراندا مانای نەماوە و هیوا بە ڕزگاریی و جیهانێکی باشتر لە بیرگەی جەماوەریی خەڵکی ئێراندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت. هەرچەندە ئەم هیوادارییە لەگەڵ هەوراز و نشێو بەرەوڕوو دەبێتەوە، هەرچەندە هەندێک کەس تووشی دڵساردی و بێهیوایی و ناکامی بوویێتن، بەڵام ورەی جەماوەریی و دەروونناسی گشتی کۆمەڵگا بە خەبات و هومێدەوە گرێیخواردووە. ئاستی بەربڵاوی بزووتنەوە و نارەزایەتییە سنفی و داواکارییەکان و خۆڕاگریی درەوشاوەی زیندانیانی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەت دیمەنی جوانی شارەکان بەهۆی خەبات و بەرخۆدانی ژنان و کچانی بوێر لە سەرانسەری وڵات، هێمای ئەم هیوا و هومێدە بە داوڕۆژێکی باشترە. ئەمڕۆ ئێران بە کەشێکی شۆڕشگێڕانەدا تێدەپەڕێت. کۆنەپەرستان بێهودە هەوڵ دەدەن ڕەوتی بزووتنەوەی پتەو و مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرەودواوە بگەڕێننەوە. ئەوان نیگەرانن لەوەی کە لە ژێر ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی ئەم حەرەکەتەدا پێشێل بکرێن. هەربۆیە لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەم دۆخە کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ئایندەیەکی نییە و خەڵک گەیشتووەتە خاڵی بێگەڕانەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی ئێران

(ڕاهی کاریگەر)

یەکشەممە ١٢ی خەرمانانی ١٤٠٢ ( ٣ی سپتامبری ٢٠٢٣ )

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 434- Sept 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بانگەوازی هاوبەشی، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)

با بە هەموو توانامانەوە ساڵیادی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا بەرز ڕا بگرین

لە سەروبەندی یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"داین. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە ڕێبەرایەتی ژنانی بوێر و خۆڕاگری ئێران، ڕواڵەتی ئێرانی گۆڕیوە؛ هاوپشتی و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێرانی بەهێزتر کردووە، خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و دادخوازیی، بەیەکەوە گرێداوە، هاوسۆزی نێونەتەوەیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران مسۆگەر کردووە و پیلانگێڕیی و هەژموونگەرایی ئەو هێز و لایەنانەی دەیانویست سواری شەپۆلی بزووتنەوەکە بن، تاڕادەیەک پووچەڵکردووەتەوە و بە پێکهێنانی کەلێنێکی قووڵ لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، داهاتووی ئەم سیستەمە کۆنەپەرست و پارێزەری هەژموونی سەرمایەدارییەیی، تاریک و لێڵ کردووە.

دەسەڵاتی ئیسلامی بە کۆکردنەوە و وەگەڕخستنی هەموو هێز و ئامرازەکانی سەرکوتگەرانەی خۆی، بەکردەوە دۆزەخێکی بە پانتایی ئێران خولْقاندووە و بە حکوومەت نیزامییەکی ڕانەگەیەندراو هەوڵیداوە وانیشان بدات کە ئەم بزووتنەوەیە کۆتایی پێهاتووە و هیوای خەڵک تێک بشکێنێت. بەڵام بەردەوامبوونی خەباتی بەرینی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران، پەرستاران و کارمەندانی بەشی تەندروستی، دادخوازان، نەتەوە ستەم لێکراوەکان و ژینگەپارێزان، تەواوی ئەم هەوڵە دزێو و نامرۆڤانەیان کردووەتە بڵقی سەرئاو. ئەم خەباتە درەوشاوەیە بە درێژایی یەکساڵی ڕابردوو بەردەوام بووە. هەربۆیە یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ساڵیادی شۆڕشی ژینا، جەختکردنەوەیەکی دووبارەیە لەسەر بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوەیەی کە تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ڕانەوەستاوە.

ئێمە لەسەر بنەمای ئەم بارودۆخە، پشتیوانی خۆمان لە هەر چەشنە هەوڵ و کۆششێکی جەماوەریی لە ئێران دەردەبڕین کە بەمەبەستی ڕێزلێنان لەم ڕۆژە بەڕێوە دەچێت. لە کوردستان کە هەر لە سەرەتای دەسپێکی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژیناوە، بووەتە سەنگەری خەبات و خۆڕاگریی بەردەوام، کۆمەڵانی خەڵک خەریکی ئامادەکارین بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتنێکی گشتی شکۆدار و کۆبوونەوە لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووانی شۆڕش بە بۆنەی ٢٥ی خەرمانان، ساڵیادی قەتڵی حکوومەتی ژینا (مەهسا) ئەمینییەوە. ئێمە داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان لە هەموو شار و شارۆچکە و گوند و پارێزگاکانی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاودا بەشداری مانگرتنی گشتی بن و بە کۆبوونەوە لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان، یادی ئەو ئازیزانە بەرز ڕابگرن.

ئێمە پشتیوانی خۆمان لە بانگەوازی هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران بە مەبەستی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی و هەروەها سەرجەم هەوڵ و داهێنانێکی مومکین و کاریگەری جەماوەریی لەلایەن ژنان و لاوان و ڕێکخراوە جەماوەرییە مەدەنییەکانەوە دەکەین لەپێناو تێکشکاندنی ئەو زەخت و زۆر و حکوومەت نیزامییە ڕانەگەیەندراوەی ڕژیمدا.

لەدەرەوەی وڵاتیش ئێمە پاڵپشتی و پشتیوانی خۆمان لە هەموو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنانەی کە لە لایەن ١٩ ڕێکخراوی چەپ و دێموکراتیک و ٢٧ ناوەند و دامەزراوەی جەماوەرییەوە ڕێکدەخرێت، دەردەبڕین و پشتیوانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراو و لایەنە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی تر دەکەین.

لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا، لە ئاست فیداکاریی و شکۆی گیانبەختکردووانی ئەم بزووتنەوەیە و لاوانی جەسوور و قارەمانی تری هاوشێوەی ژینا، نیکا، سارینا، یەڵدا، حەنانە، مێهرشاد، حەمیدڕەزا و جەواد ڕۆحییەکان و بنەماڵەی سەربەرزی دادخوازاندا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین. ئەوان بە خۆڕاگریی سەربەرزانە و درەوشاوەی خۆیان، لمبۆزی دەسەڵاتی فاشیستییان لەخاک وەرداوە و ڕێگای ڕزگاریی و دەربازبوونیان لە دۆزەخی کۆماری خۆشکردووە.

بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلا می

سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران

بژی ئازادی و دێموکراسی و سۆسیالیزم

هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یەکشەممە، ١٩ی خەرمانانی ١٤٠٢ / ١٠ی سپتامبری ٢٠٢٣

***

ماڵپەڕە حیزبیەکان:
**پەیام سایتێ سیاسی هەواڵنیری**
www.payaam.net
**حیزبی کومونیست ئیران**
www.cpiran.org
**کومه له:**
www.komalah.org
**تشکیلات خارج کشور**
www.k-kh.org

دواستون

## هاوئاهەنگی دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق لە دژی خەڵکی کوردستان

هەڕەشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستان بنکە و بارەگایان هەیە، بەشێکە لە هاوئاهەنگییەکی ناوچەیی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە لە دژی خەڵکی کوردستان. هاوکاتبوونی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە ناتوانێت بە ڕێکەوت بێت.

یەکەم:

دەوڵەتی سووریە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، عەشیرە خۆجێییەکانی ناوچەکەی چەکدار کردووە و ڕێکیخستوون بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، ئەو شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە خوێناویانەی کە لە مەنبج و دێرەزوور لە ئارادایە، بوونەتە هەڕەشەیەکی جیددی لە دژی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیەش لە دژی خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بێ پسانەوە بەردەوامە.

دووەم:

گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان چڕتر بوونەتەوە، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان بە فەرمانی دادگای فیدراڵی، وەستاندنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت، دواکەوتنی بە ئەنقەستی ناردنی بودجەی مانگانەی هەرێم، کردەوەی هەڵخرێنەر و هاندەرانە لە شاری کەرکوک و سنووردارکردنی چالاکیی حیزبە کوردستانییەکان لەم شارە، پەرەسەندنی فشارەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە دژی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک و ناچارکردنیان بە کۆچکردن لەو ناوچانە، لەزومرەی ئەو فشارانەن.

سێیەم:

چڕبوونەوەی هێرشە ئاسمانییەکانی دەوڵەتی تورکیە لە قووڵایی هەرێمی کوردستاندا، کە نەک تەنها گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەڵکوو بە ئەنقەست و بێ هیچ ڕەچاوکردنێک خەڵکی ئاسایی دەکەنە ئامانج. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی تورکیە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر هاتووەتە ناو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها لە کاتێکدایە کە لە شاری کەرکوک خەریکی ڕێکخستن و هاندانی حیزبە تورکمانەکانە لە دژی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە. ئەم ڕاستیانە ئەوە دەردەخەن کە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەشێکە لەو هەماهەنگییە ناوچەییە کە بەشێوەیەکی فەرمی یان ناڕاستەوخۆ ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

ئۆلتیماتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، هەر لەم چوارچێوەیەدا دبێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

***